گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چوارچێوەی یاسایی كارتی نیشتمانی وەك پێوەرێكی پیادەكردنی مافی دەنگدان لە هەرێمی كوردستان

**د. ئارام نجم الدين عبدالغفور**
بەشی كارگێری یاسا، كۆلیژی كارگێری وئابووری، زانكۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عیراق
بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەولێر، لە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی هەرێم
aram.nejm@lfu.edu.krd

**د. سۆران علی حسن**
فاكەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەكان و بەرێوەبردن، زانكۆی سۆران، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عیراق
Soran.hassan@soran.edu.iq

**زانیاریەكانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٢٠
پەسەندكردن: ٢٠٢٢/٢/٢
بڵاو كردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەكییەكان**
National card, Voters Register, Voters Right, Civil Information, Iraqi Nationality

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.17

**پوختە**

پرۆسەی جیهانگیری كاریگەریەكی زۆری هەیە بەسەر ڕێكخستنی كاروباری ناوخۆی وڵاتان لە زۆربەی بوارەكاندا بە تایبەت ئەو وڵاتانەی پەیوەندیەكی بەهێزیان هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە بواری ئابوری و سیاسی و سەربازی و ئاسایشی جیهانی و هەرێمی و نیشتمانیەوە، یەكێك لەو كاریگەریانە پەیوەندی بە بواری ئەلیكترۆنیەوە هەیە لە ڕێگەی دروستكردنی ناسنامەی نیشتمانی، ئەم كارتە بە تایبەت لەو وڵاتانەی لە قۆناغێكی پێشكەوتوی ئەلیكترۆنیدان پشتی پێدەبەسترێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی كاروبارەكاندا وەك بەكارهێنانی لە بواری مامەڵەی خێزانی بازرگانیدا ......، بێگومان بۆ ئەم مەبەستە دەستەڵاتی یاسادانان چوارچێوەیەكی یاسایی داناوە بۆ ئەوەی ئەو داتایانەی كۆدەكرێنەوە بۆ مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی بەكاربێت، كە كارتی نیشتمانیە لە هەمان كاتدا دەرفەت دەدرێتە دامەزراوەكانی دەوڵەت بۆ ئەوەی لە بواری تریش سود لەو داتایانە وەربگرێت، هەر بۆیە لەم ساڵانەی ڕابردوودا لە چوارچێوەی ئەلیكترۆنی ئەم ناسنامەیە بوارەكانی فراوانتركردوو لە بواری هەڵبژاردنیش سودی

لێوەرگیرا، بۆیە بە پێویست دەزانرێت هەوڵبدرێت لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش پشتی پێ ببەسترێت بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران.

## پێشەکی:

لە ڕاستیدا زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان ناسنامەی هاوڵاتیانیان بە شێوەیەکەی سیستمی ئەلیکترۆنی هاوچەرخ ڕێکخستووە، بە جۆرێك دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی وڵات بە پلە یەك سودمەندبوون، چونکە هەرکاتێك بیانەوێت زانیاریەك لەسەر هاوڵاتی وەربگرن بەدەستیان دەکەوێت بە تاییبەت ئەگەر هاوڵاتیەکە گومانباربێت، لە هەمان کاتدا خودی هاوڵاتی خۆشی سوودمەندە، چونکە لە ڕێگەی ئەم ناسنامەیە سەرجەم زانیاریەکانی کەسی یاخود خێزانی کۆکراوەتەوە و دەتوانێت سودی لێوەربگرێت بە تاییبەت لە مامەڵەکردن بە درێژایی ژیانی ڕۆژانەی، لە هەر ئەگەرێکی گزی و گۆرینی خاوەنەکەی ( انتحال الصفە) دەپارێزێت، سەرەرای ئەوە هاوڵاتی لە ڕێگەی کارتی نیشتمانی دەبێتە خاوەنی ( ژمارەی ناسنامەیIdپntity Numbr ) کە سەردەکێشێ بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە ناسنامەکانی تر، لەم میانەدا حکومەتی فیدراڵی دەستپێشخەریەکی کردووە لەم بوارەدا کە بە دەستپێشخەریەکی گرنگ و ناوازە لە قەڵەم دەدرێت و دەبوایە دەمێك بوایە هاوڵاتی عێراقی خاوەنی ئەم ناسنامەیە بوایە، وە زۆر لە دامەزراوەکانی دەتوانن پشتی پێببەستن بۆ دانانی سیستەمێك بۆ کاروبارەکانیان، لەوانە دەکرێت کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێم پشت بە کارتی نیشتمانی ببەستن بۆدروستکردنی تۆماری دەنگدەران، چونکە بە یەکێك لە پێوەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك و ڕوونمان هەبێت.

## گرنگی توێژینەوە:

دەتوانین گرنگی توێژینەوە بەم شێوەیە ڕوونبکەینەوە:

1- لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی یاسای کارتی نیشتمانی ژمارە (3) ی ساڵی (2016) لە ڕێگەی خوێندنەوەیەك بۆ یاسایەکە و دەرخستنی کەموکوریەکانی و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو بۆ یاسادانەر بەمەبەستی هەموارکردنەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-	دیراسەکردنی کۆسپەکانی بەردەم دەرکردنی کارتی نیشتمانی لە لایەن هاوڵاتیانەوە بە تایبەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ ئەوەی سەرجەم هاوڵاتیان بتوان سودمەندبن لە کارتی نیشتمانی و لێی بێبەش نەبن.

3-	پشت بەستن بە کارتی نیشتمانی بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران لە عێراق و هەرێمی کوردستان و گەرەنتی کردنی هاوڵاتیان لە مافی دەنگدان.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە لەوە خۆی دەبینێتەوە بە پێێ یاسای کارتی نیشتمانی ژمارە (3) سالی (2016)، تەنها ئەو هاوڵاتیانە دەبن بە خاوەنی کارتی نیشتمانی کە خۆیان یاخود بنچینە یان ڕەچەڵەکیان بەشداری کردووە لە سەرژمێری سالی (1957)، بەڵام ئەوانەی بەشداریان نەکردووە ناتوانن سودمەندبن لە کارتی نیشتمانی، ئەوەش وادەکات ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بێبەش بن لەو خزمەتگوزاریە لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە ناوەڕاست و باشوری وڵات. بۆیە دەبێت حکومەتی ناوەندی چارەسەری ئەم کێشەیە بکات تاکو هاوڵاتیان بە یەکسانی و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بتوانن لە خزمەتگوزاری کارتی نیشتمانی سودمەندبن لە هەمان کاتد خۆیان بە عێراقی لەقەم بدەن تا لە سەرەنجام لە پیادەکردنی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتیەکان بێبەش نەبن.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەگەر حکومەتی فیدراڵی هەلوێستی نوێ وەربگرێت بۆ ئەوەی سەرجەم هاوڵاتیانی عێراقی ببنە خاوەنی کارتی نیشتمانی ئینجا لە ڕێگەی هەمووارکردنی یاسای کارتی نیشتمانی یەوە بێت یاخود لە ڕێگەی دەرکردنی ڕێنمای و بریاری نوێ بێت، ئەوا کارتی نیشتمانی بە ڕێکارێکی گرنگ و چارەنووسساز دادەنرێت بۆ عێراق و دەیان کێشەی پەیوەست بە ئامار و سەرژمێری دانیشتوان لە وڵات چارەسەر دەبێت، لە هەمان کاتدا دەکرێت پشتی پێببەسترێت لە دامەزراوەکان بۆ دروستکردن و دانانی سیستەم و بناغە بۆ کاروبارەکان بە تایبەت لە دیاریکردن و جێگیرکردنی تۆماری دەنگدەران بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان پشت بە تۆمارێکی پاك و ڕوون ببەسترێت و لە ئەنجامدا هەڵبژاردنێکی بێگەرد بەڕێوەبچێت، دەرفەت دان بە بەشداریکردنی سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق لە دروستکردنی کارتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشتمانی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی داتاکانی کارتی نیشتمانی بۆ تۆماری دەنگدەران بەکار بێنێت.

## ڕێچکەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە پشت بە شێوازی شیکردنەوەی رەخنەیی و مەیدانی دەبەستین، لە رێگەی رێچکەی شیکردنەوەی رەخنەیی دەمانەوێت خوێندنەوەیەك بۆ یاسای کارتی نیشتمانی بکەین و ئەو کەلەبەر و کەلێنانەی لە یاساکەدا هەن ئاماژەیان پێبکەین، لە هەمان کاتدا توێژینەوەکە پێویستی بە سەردانی مەیدانی بوو بۆ بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کەموکوریەکانی جێبەجێکردنی یاسای ئاماژەپێکراو بین.

## پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر دووبەش، لە بەشی یەکەمدا دەمانەوێت ناساندنێك بکەین بۆ کارتی نیشتمانی و ڕێکارەکانی دەرکردنی و تۆمارکردنی هەموو ئەو ڕووداوانەی پەیوەندیان بە تۆمارکردنەوە هەیە، بەڵام لە بەشی دووەمدا زانیاریەکانی دەستکەوتوو لە ئەنجامی سەردانەکانی مەیدانی دەخەینەڕوو لە کەموکوڕیەکان و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان.

## بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری و ناساندنێك بۆ کارتی نیشتمانی

وڵاتانی پێشکەوتوو قۆناغێکی گرنگ و سەرکەوتوویان تێپەراند دەربارەی پیادەکردن و بەکارهێنانی کارتی نیشتمانی لە لایەن هاوڵاتیانەوە، هەروەها توانیان سەرجەم ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم دروستکردنی کارتی نیشتمانی چارەسەری بکەین، ئێمەش لە قۆناغی سەرەتای جێبەجێکردن و پیادەکردنی کارتی نیشتمانین، بەڵام تا ئێستا هاوڵاتیان بە گشتی و هەندێ دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان وەك پێویست زانیاریان لەسەر کارتی نیشتمانی نیە، بۆیە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە پشت بەستن بە یاسای کارتی نیشتمانی عێراقی ژمارە (3) سالی (2016) و یاسا پەیوەندیدارەکان و ڕێنماییەکان زانیاری زانستی بخەینە روو دەربارەی کارتی نیشتمانی، وە بابەتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەی دەخەینە روو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**داواکاری یەکەم: پێناسەی کارتی نیشتمانی و ئامانج و خاسیەتەکانی**

بێگومان وەك هەر بابەتێکی تر لەم توێژینەوە پێویستمان بەوەیە پێناسەیەکی کارتی نیشتمانی بکەین وە جیای بکەینەوە لە جۆرەکانی تری ناسنامە کە هاوڵاتیان لە زۆر وڵاتانەوە پیادەی دەکەن و بەکاری دێنن، لە ڕاستیدا بەهۆی کەمی بەکارهێنانی لە لایەن وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ وە ناراستەوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی کارتی زیرەك پێناسەی بۆ کراوە وەك لە خوارەوە دەیخەینەروو:

**لقی یەکەم: پێناسەی کارتی نیشتمانی**

کارتی نیشتمانی لە توێژینەوەیەکی (اسماعیل و علوان و جليل، 2013، لا 82) کە ئاماژەی پێکراوە لە نوسینی ابراهیم، 2006، لا 24) بەوە پێناسەکراوە کە ( بە نوێـترین کارتی پلاستیکی بەرهەمهاتوو دادەنرێـت لەسەر ئاستی جیهان، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی تێدا بەکاردێت بە شێوەیەك شەریحەی ئەلیکترۆنی زیاد دەکرێت بۆ شەریتی موگناتیسی کە لە کارتەکەدا بونی هەیە، ئەم شەریحەیە ( معالج رقائق)ی بچوك لەخۆدەگرێت، کە توانای کۆگاکردنی زانیاریەکانی ( ناو، کۆد، مێژووی لەدایك بوون، وێنە، ناونیشان)، دۆسیەی تەندروستی، مۆڵەتی لێخورین، پەساپۆرت، تۆماری خێزانی، ژمێریاری بانکی) هەیە. وە بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەو پێناسەیەی لە یاسای کارتی نیشتمانی کراوە کە هاتووە " بەڵگەنامەیەکی پشت پێبەستراو و یاساییە بۆ ناساندنی ئەو کەسەی کە هەڵیدەگرێت وە دەدرێت بە عێراقیەکان، لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی رەگەزنامە یاخود ئەو کەسەی کە رێگەی پێدەدات دەردەچێت ". ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 1/حەوتەم(

**لقی دووەم: ئامانجەکانی کارتی نیشتمانی**

ئامانجی کارتی نیشتمانی بریتیە لە رێکخستنی تۆمارەکانی ( قیود) شارستانی بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی بۆ عێراقییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، دەولەمەندکردنی دام و دەزگاکانی عێراق بە زانیاریەکانی شارستانی هەمووی یاخود بە شێك لە زانیاریەکانی شارستانی بە پێی بنەماکانی ئەم یاسایە. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 2)

هەروەها ئەو ئامانجەی سەرەوە دێتەدی لە رێگەی ئەم میکانیزمانەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- دروستکردنی سیستەمێکی زانیاری شارستانی بۆ ڕێکخستنی تۆمارەکانی ( قیود) عێراقییەکان، لە ناویدا سەرجەم زانیاریەکانی پەیوەست بە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی و زانیاریەکانی شارستانی یەکگرتوو و زانیاریەکانی نیشتەجێبون، هەر زانیاریەکی تری نوێ لە خۆدەگرێت.

2- تەرخانکردنی ژمارەیەکی شارستانی ناساندن بۆ هەر تاکێکی عێراقی و ژمارەیەکی تر بۆ هەر خێزانێکی عێراقی.

3- دەرکردنی کارتی نیشتمانی بۆ سەرجەم عێراقیەکان، بۆ ئەوەی شوێنی هەر یەك لە ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری کەسی و کارتی نیشتمانی بگرێتەوە.

4- لە ڕووی ئاسایشەوە لە داهاتوودا دەکرێت لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە سودی لێوەربگیرێت بۆ دیاریکردنی ئەو کەسانەی تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانیان دەخرێتە پاڵ.

5- هەروەها ) ویلان لە ماڵپەڕیFkd پvgatawy) وای بۆ دەچێت کە دەبێتەهۆی نەهێشتن یاخود کەمکردنەوە و دانانی سنورێك بۆ ناسنامەکانی وەرەقی و جۆرەکانیان.

هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتان بۆ چەندین ئامانجی تر بەکاردێت، بۆ نمونە زۆرینەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری تەکنەلۆژیا بۆ مەبەستی بازرگانی سودی لێدەبینن، هەروەها لە بواری تەندروستی وەك سیستەمی بیمەی تەندروستی، بۆ نمونە لە ساڵی (1999) لە ئایسلەندا یاسایەك لە بواری تەکنەلۆژیای پزیشکی پەسەند کرا، بەوگوێرەیەوە حکومەت دەبێتە خاوەنی بنکەیەکی داتای تەندروستی بۆ ماوەی (12) سال، بەوگوێرەیەوە دەتوانرێت توێژینەوەی لەسەر چەندین جۆری نەخۆشی بکرێت، دەرمانی نوێ تێستبکرێت، دەستەبەری تەندروستی جێبەجێ بکرێت. ( د. جوانك، 2007، 8)

**لقی سێیەم : تایبەتمەندیەکانی کارتی نیشتمانی و بەکارهێنانەکانی**

1- ئاستێکی بەرزی ئەمانی هەیە، ڕادەی گزی کردن تیایدا سفرە.

2- هاوتەریبە لەگەل پێشکەوتوەکانی تەکنەلۆژیا لە بواری بەڵگەنامەکانی ناساندن.

3- ئاسانکاری دەکات لە مامەلەکردنەکانی هاوڵاتیان لە دام و دەزگاکانی وڵات.

ماڵپەری (U.AE ) رایگەیاندووە کە کارتی ناسنامەی ئیماراتی لە بەکارهێنانیدا چەندین سود وەردەگرێت دەتوانین لە چەند خاڵێك کۆیان بکەینەوە :

1- پیشاندان و سەلماندنی ناسنامەی تاك وە پێدانی زانیاری کەسی ورد دەربارەی.
2- بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری حکومی.
3- بەشداریکردن لە دەنگدانی ئەنجومەنەکانی نیشتمانی و خۆجێی.
4- بەڵگەنامەی گەشتکردنە بۆ هاوڵاتیانی وڵات بۆ وڵاتانی تری ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو.
5- دەربازبوون لە دەروازەکانی ئەلیکترۆنی لە فرۆکەخانەکانی وڵات.
6- دانانی ژمارەیەك خزمەتگوزاری دیاریکراو **لە بانکەکان**.

**داواکاری دووەم: بنکەی زانیاری شارستانی و سودمەندبون لە داتاکانی کارتی نیشتمانی**

لایەنی جێبەجێکردنی یاسا دەرچووەکان لە یاسایەکەوە بۆ یاسایەکی تر جیاوازە، هەندێ لە یاساکان جێبەجێدەکرێن لە لایەن دامەزراوەی هەبوو لە وڵات، بەلام هەندێکی تر لەگەل دەرکردنی یاساکان پێویستیان بە دامەزراوەی نوێیە بۆ جێبەجێکردنیان، یاسای کارتی نیشتمانی یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەوەیە کە دەبێت بۆ جێبەجێکردنی دامەزراوەی نوێ هەبێت ئەویش دامەزراوەی بنکەی زانیاری شارستانیە، لە لایەکی تر یاسادانەر کاتێ هەڵساوە بە کێشانەوە و پوچەڵکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی نیشتەجێبون، لە هەمان کاتدا چوارچێوەیەکی ڕێکخستووە بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی بە هاوڵاتیان بە جۆرێك هاوڵاتی تەنها بە چەند ڕێکارێکی دیاریکراو کە بۆی دیاریکراوە بتوانێت ببێتە هەڵگری ئەو کارتە، لە هەمان کاتدا گۆڕانکاری لە باری کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانکاری لە کارتی نیشتمانی، لەگەل ئەوەشدا دەکرێت هەندێ لە هاوڵاتیان بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆیان بیر لەوە بکەنەوە پەنا بۆ شێوازی نا یاسایی بەرن بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی، بۆیە لێرەدا توێژەر دەیەوێت بە پشت بەستن بە یاسای کارتی نیشتمانی ئەم لایانانە بخاتە ڕوو:

**لقی یەکەم: بنکەی زانیاری شارستانی و دەرکردن و گۆڕینی کارتی نیشتمانی**

بێگومان دروستکردنی کارتی نیشتمانی پێویستی بە دروستکردن و پێکهێنانی دامەزراوەیەکی تایبەت هەیە، وە ئەم دامەزراوەیە دەبێت هونەری بێت، بۆ ئەوەی دامەزراوەکە هونەری بێت پێویستە بەر لە هەر پرسێك خاوەنی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی پیشەیی بەهێز بێت. لەو کاتەدا دەبێت بەشی هەرە زۆری فەرمانبەرانی خاوەن بڕوانامەی ئایتی بن یاخود بەلایەنی کەمەوە ئەزمونیان هەبێت لە بواری

ئایتی، ئینجا بەهۆی ئەزمونی ڕابردوویان بێت یاخود بەهۆی بەشداریکردنیان بێت لە خولی پەیوەست بەم سیستەمە. بۆیە یاسای کارتی نیشتمانی ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە، بەریوەبەرایەتیەك دروست دەکرێت بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و زانیاری شارستانی. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3)

بەم شێوەیە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

1- دروستکردنی سیستەمێکی زانیاری شارستانی لەسەر ( حاسوبی ئەلیکترۆنی) و جۆری سیستەمەکە و بارەگاکەی و لقەکانی لە ناو عێراق و لە دەرەوەی عێراق دیاریدەکرێت.

2- گواستنەوەی ( ترحیل) تۆمارەکانی ( قیود) ڕەگەزنامە و تۆمارەکانی شارستانی و ناونیشانەکانی نیشتەجێبون بۆ سیستەمێکی زانیاریەکانی شارستانی.

3- بەستنەوەی ژمارەی ناساندنی هەر تاکێکی خێزانێك لە بنکەی زانیاریەکان وە دروستکردنی تۆماری تێکهەڵکێش لە هەمان بنکە بۆ نوسینەوەی ڕوونکردنەوە و زانیاریەکانی پەیوەست بە خێزانەکان. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 4/یەکەم، دووەم، سێیەم)

وەك قۆناغێکی تری دەرکردنی کارتی نیشتمانی، یاسادانەری عێراقی دەستەڵاتی دەرکردنی کارتی نیشتمانی داوەتە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی عێراقی، بە شێوەیەك ئەم کارتە دەدرێتە هەر عێراقییەك کە ناوەکەی نوسرابێت لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی، وە ئەم کارتە ژمارەیەکی ناساندن هەلدەگرێت بەگوێرەیەوە هەر تاکێکی عێراقی دەبێتە خاوەنی ژمارەیەکی تایبەت بە خۆی و جیاوازە لە ژمارەی تەواوی هاوڵاتیانی ترەوە، هەروەها لە کاتی نەمانی ئەم کارتە بە هەر هۆکارێك بێت لە لایەن هاوڵاتیەوە، لایەنی پەیوەندیدار بە دەرکردنی کارتەکە کارتی نوێی پێدەدات، بەڵام دەبێت ڕێکاری پەیوەست بە دەرکردنی کارتی نوێ بگردرێتە بەر. کارتی نیشتمانی پشتی پێ دەبەسترێت لە لایەن دام و دەزگاکانی حکومی و نا حکومی بۆ ناساندنی کەسایەتی خاوەنەکەی و ڕەگەزنامە عێراقیەکەی، هەروەها جێگرەوەی بەڵگەنامەی ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی نیشتەجێبونە، وە ژمارەی ناساندنی کارتەکە لەبەرچاو دەگیرێت لە تۆمارکردنی هەر مامەلەیەك یاخود هەر هەڵس و کەوتێکی هاونیشتمانیەکان لە هەر دام دەزگایەك، وە بە گوێریەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوڵاتیەکە دەتوانێت مافە شارستانی و یاسای و مرۆڤایەتیەکانی بەدەست بێنێت. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 34، 35)

لە کۆتایی برگەی یەکەم لە مادەی (35) یاسای کارتی نیشتمانی یاسادانەری عێراقی باس لەوە دەکات کە هاوڵاتی عێراقی لە رێگەی ژمارەی ناساندنی کارتی نیشتمانی دەتوانێت سودمەند بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە شارستانی و یاسای و مرۆڤایەتیەکان، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان و دەستوری وڵاتان و یاسا جۆراوجۆرەکان بەم شێوەیە جۆری مافەکان ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵکو باس لە مافەکان دەکەن و دەیکەن بە دوو بەشەوە ئەوانیش: یەکەم مافە شارستانی و سیاسیەکان، دووەم مافە رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان، هەروەك لە بەڵێنامەکانی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی سیاسی و شارستانی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دا هاتوە، وە لە هەمان کاتدا لە بابی دووەم لە بەشی یەکەم لە دەستوری عێراق بۆ سالی (2005) هەمان ئاماژەی پێکراوە. ئەو مافانە بە گشتی پێیان دەگوترێت مافەکانی مرۆڤ، بۆیە پێویستی نەدەکرد یاسا دانەری عێراقی ئاماژە بە وشەی مافە مرۆڤایەتییەکان بکات، لە هەمان کاتدا مافە یاسایەکان دەکەونە چوارچێوەی جۆری یەکەم کە مافە سیاسی و شارستانیەکان دەگرێتەوە، بۆیە باشتر وابوو دابەشکردنەکەی وەك دەستور دانەری عێراقی و سەرجەم بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان کردبوایە.

دەربارەی گۆرینی کارتی نیشتمانی، یاسادانەری عێراقی رێگەی داوە بەم بارە، بەلام لە چەند کاتی زۆر پێویست ئەوانیش بریتین لەو حالەتانەی خوارەوە: ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 36)

1- دەرکردنی بریارێك لە لایەن لایەنی تایبەتمەند بە راستکردنەوە یاخود گۆرینی هەر زانیاریەکی تۆمارکراو لە تۆماری پەراو یاخود ئەلیکترۆنی.

2- لەکاتی ناوچوونی کارتی نیشتمانی یاخود بوونی هەلەیەکی زمانەوانی یاخود ژمارە لەسەر کارتەکە.

وە لە هەمان کاتدا یاسادانەر دەستەڵاتی کێشانەوەی (صحب) کارتی نیشمانی داوە بە لایەنی تایبەتمەند بە دەرکردنی، ئەویش لەکاتی سڕینەوەی ناوی خاوەنەکەی لە تۆمارەکان. لە هەمان کاتدا کارتی نیشتمانی پوچەڵدەکرێتەوە ئەگەر خاوەنەکەی مرد. هەرچەندە بە بروای توێژەران لێرەدا یاسادانەر لە کاتی کێشانەوەی کارتی نیشتمانی ئاماژەی تەنها بەوە کردووە کە ناوی خاوەنەکەی لە تۆمارەکە دەسڕێتەوە بەلام ئاماژەی بە هۆکاری سڕینەوەکە نەکردووە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لقی دووەم: دەرکردنی کارتی نیشتمانی بە رێگەی نا یاسایی و سزادانی سەرپێچیکاران**

بێگومان کارتی نیشتمانی وەك هەر بەڵگەنامەیەکی تری فەرمی گرنگە، وە لەوانەیە لەبەر هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە بەشەکانی داهاتوو بە وردی باسیان دەکەین هەموو هاوڵاتیەك نەتوانێـت ببێتە هەڵگری ئەم کارتە، بۆیە هەوڵدەدەن بە رێگەی نایاسای پەنا بۆ دەرکردنی ببەن، ئینجا لەوکاتەدا رووبەرووی دووبار دەبینەوە، باری یەکەم تاوانی گزییە کە لە چوارچێوەی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی (1969) رَێکخراوە، لە کاتێکدا هاوڵاتی هەوڵدەدات بە گۆرینی کەسێتی خۆی کارتی نیشتمانی بەدەست بێنێت، وە ئەم تاوانە بەوە پێناسەکراوەکە (بریتیە لە گۆڕینی ڕاستی بە ئامانجی گزی لە قۆچان، بەڵگەنامە، یاخود هەر نوسراوێکی تر بە ڕێگەیەکی مادی یاخود واتای کە یاسا دیاریکردووە، گۆڕانکاریەکە بە شێوەیەك دەبێت زیان بە بەرژەوەندی گشتی یاخود تایبەتی دەگەینرێت) ( یاسای سزادانی عێراقی،1969، 111، 286). وە لە لێرەدا گزیکردنەکە بەهۆی گۆڕینی کەسێتی بکەرەکە بە کەسێکی تری دیار یاخود نادیار دەکەوینە ناو جۆری گزیکردنی واتای بەهۆی ئەوەی خودی بکەرەکە هەستاوە بە گۆڕینی کەسێتی خۆی لە کەسە بنەرەتەکە بۆ کەسێکی تر. ( الدره، 2012،ص 30)

هەرچی باری دووەمە پەیوەندی بە کەمتەرخەمی هاوڵاتیانەوە هەیە لە پێدانی زانیاری نادروست و هەڵە یاخود دیارنەکردنی شوێنی نیشتەجێبونی بۆ لایەنی پەیوەندیدار، لێرەدا یاسادانەر سزایەکەی لە یاسای کارتی نیشتمانی دیاریکردووە بە شێوەیەك هەر هاوڵاتیەك زانیاری نا دروست پێشکەش بکات بە لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دەرکردنی کارتی نیشتمانی سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (3) سێ ساڵ و پێبژاردنێك کەمتر نەبێت لە (200000) دووسەد هەزار دینار و زیاتر نەبێت لە (1000000) یەك ملیۆن دینار یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایانە. هەروەها هەر هاوڵاتیەك کە دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبونی بە نوسینگەی زانیاری نەگەیەنێت رووبەرووی سزای پێبژاردن دەبێتەوە بە بری (25000) بیست و پێنج هەزار دینار. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 38، 39). بەڵام لێرەدا لەگەڵ ناچارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێدانی زانیاری و داتا دەربارەی ڕووداوەکانی ( لەدایك بون، مردن، هاوسەرگیری، تەلاق و جیابونەوە) بۆ بنکەکانی سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی، لە هەمان کاتدا دەبوایە یاسادانەر خاوەن خێزان کە خاوەنی ڕووداوەکەیە یاخود ئەو کەسەی شوێنی دەگرێتەوە ناچار کرابا لە کاتی بوونی یەکێك لەو ڕووداوانە پەیوەندی بکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە بنکەکانی زانیاری شارستانی بۆ دووپاتکردنەوە و دڵنیابونەوە لە ڕووداوەکانی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە، وە ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراو هەواڵ نەدات سزایەکی بۆی دیاری بکرابا .

**داواکاری سێیەم: تۆمارکردن و ڕاستکردنەوە و سڕینەوە لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی**

وەك دیارە سەرەکیترین ڕەگەز لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی بریتیە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی لە دایك بوون، دواتر ڕووداوی مردن، ئینجا بارەکانی ڕاستکردنەوە و سڕینەوەی زانیاریەکان، بۆیە ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لەسەر ئەم ڕووداوانە بە پشت بەستن بە دەقی یاسایی باس لە بابەتەکە بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم: ڕەفتارکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی لەدایك بوون و مردن**

بێگومان ڕووداوی لەدایکبوون لەوەی پەیوەندی بەسیستەمی زانیاریەکانی شارستانیەوە هەیە خاوەنی چەند خاسیەتێکی جیاوازە بە بەراورد بە ڕووداوەکانی تری وەك مردن و تەلاق و جیابونەوە، چونکە ڕووداوی لە دایك بوون لە دوای هاتنەکایەوەی کارتی نیشتمانی و سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی بە شێوەی ئەلیکترۆنی ڕاستەخۆ لە سیستمەکە تۆمار دەکرێت بە پێچەوانەی ڕووداوی مردن کە پێشتر لە سیستەمی کۆن ( تۆمارە پەڕاوەکان) تۆمارکراوە وە دوای ڕووداوی مردن جارێکی تر لە سیستەمی نوێ تۆمار دەکرێت یاخود نیشانە دەکرێت، هەرچەند بە گوێرەی ئامارەکان ڕووداوەکانی هاوسەرگیری، مردن، جیابونەوە لە ڕووداوی لە دایکبوون زۆرتربوونە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) لە (9) نۆ مانگی یەکەمی ساڵی (2019) بە گوێرەی ئەو ئامارەی بڵاوکرایەوە، بۆ نمونە ( 5084) پێنج هەزار و هەشتاو چوار ڕووداوی لە دایك بوون لەو ماوەیە هەبووە، لە کاتێکدا ( 7806) حەوت هەزار و هەشت سەدو شەش ڕووداوی مردن هەبووە، وە ( 34706) سی و چوار هەزار و حەوت سەد و شەش ڕووداوی هاوسەرگیری هەبووە ( ژنی یەکەم، ژنی دووەم، پەسەندکردنی هاوسەرگیری دەرەوەی دادگا، لە کاتێکدا (8381) هەشت هەزار و سێ سەدو هەشتاو یەك ڕووداوی تەلاق و لێك جیابونەوە هەبوە. ( ئەنجومەنی دادوەری، بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار، 2019).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووداوەکانی مردن و تەلاق و لێك جیابونەوە و هاوسەرگیری ( 50893) ڕووداوون، واتە (10) دە ئەوەندەی ڕووداوی لە دایك بونن، بۆیە زۆر گرنگە بۆ لایەنە

پەیوەندیدارەکان لە لایەك و هاوڵاتیان لە لایەکی ترەوە چۆن گرنگی دەدەن بە ڕووداوی لە دایك بوون بە هەمان شێوە گرنگی بدەن بە ڕووداوەکانی مردن و تەلاق و جیابونەوە و هاوسەرگیری لەوەی پەیوەندی بە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانیەوە هەیە.

بۆیە یاسادانەر بەشێکی تایبەتی لە یاسای پەیوەندیدار بۆ ئەو ڕووداوانە تەرخان کردووە، وە لە سەرەتادا تیشکی خستۆتە سەر ڕووداوی لەدایك بوون، وە ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕووداوەکانی لە دایك بوون لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی تۆمار دەکرێت بە پشت بەستن بە بروانامەکان و بەڵگەنامەکانی لەدایك بوون کە پەسەندکراون لە لایەن دامەزراوەی پەیوەندیدار بە هەمان ئەو ناوە وە نازناوە کە لە بەڵگەنامەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر ناوەکە کەموکوری تیا هەبوو پێویستە ناوەکە تەواو بکرێت بە گوێرەی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا هاتون کە دواتر باسیان دەکەین. پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار لە هەر یەك لە دامەزراوە تەندروستیەکان و بنکەکانی سیستەمی تۆماری شارستانی ڕێگری بکەن لە تۆمارکردنی ناوێك کە هەلگری سیفەتی جنێوی یاخود زمان پیسی یاخود پەرپووت بێت و پێچەوانە بێت لەگەڵ سیستەم و ئادابی گشتی وە بەڵگە بێت لەسەر لەکەدارکردنی کەسایەتی. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 19).

جگە لە ڕووداوەکانی لە دایکبوونی دروست و یاسایی، ڕووداوی لە دایکبوونی منداڵی فرێدراو هەیە، بە پێی یاسای ڕەگەزنامەی هەڵوەشێنراوە دەتوانین بڵێین منداڵی فرێدراو ئەو منداڵەیە کە لە دایك و باوکێکی نادیار لەسەر خاك و هەرێمی عێراق دەدۆزرێتەوە ( یاسای ڕەگەزنامە، 1963، 4/43)، وە لە یاسای ڕەگەزنامەی نوێ هاتووە هەر کەسێکە لە عێراق لە دایك و باوکێکی نادیار لە دایك بووبێت و فرێدرابێت و بدۆزرێتەوە ئەگەر بەڵگە بە پێچەوانەی ئەو بارە نەبێت.( یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی، 2006، 26/ 3/ب). ئەو کەسە ڕەگەزنامەی عێراقی پێدەدرێت لەسەر بنەمای هەرێم، واتە بەهۆی لەدایکبونی لە عێراق و ناتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت کە لە دەرەوەی عێراق لە دایك بووە، فەلسەفەی بەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی لەو بارەدا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەسەکە بپارێزرێت لە نەبونی ڕەگەزنامە و هەموو ئەو بارگرانی و لێکەوتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. وە هەر کاتێك ڕەچەڵەکی کەسەکە سەلمێنرا ئەوا ڕەگەزنامەی لەسەر بنەمای خوێن پێدەدرێتەوە، وە بە تەنها سەلماندنی ڕەچەڵەکی ڕەگەزنامەکەی تری لەسەر بنەمای هەرێم لێوەردەگیردرێتەوە، وە ئەگەر سەلمێنرا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەچەڵەکی عێراقی نیە یاخود لەسەر هەرێمی عێراق هەڵنەگیراوەتەوە راستەخۆ ڕەگەزنامەی عێراقی لێوەردەگیردرێتەوە. ( حسن الهداوی، 1990، ص 107-108).

ئەم بارە لە چوارچێوەی کارتی نیشتمانی چارەسەری بۆ دانراوە، بەشێوەیەك دادگای نێوجەوانان وێنەیەك لە بریاری دادگا بەشێوەیەکی نهێنی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کارتی نیشتمانی دەکات کە پەیوەستە بە دیاریکردنی ناوی منداڵە دۆزراوەکە، یاخود ئەو منداڵەی بنەچەی نادیارە، وە کات و شوێنی لەدایك بونی لەگەل ئەو دامەزراوەیەی پەروەردەکردنی لەخۆ دەگرێت، وە منداڵی دۆزراوە یاخود بنەچە نادیار بە موسلمان دادەنرێت تاکو پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت. وە بە هەمان شێوە دادگای نێوجەوانان دەربارەی ئەو منداڵانەی کە زانیاری تەواویان نیە لە تۆماری دایك و باوکیان و ناوەکانیان بەهۆی مردنی هەردوکیان یان یەکێکیان یاخود بەهۆی ئامادەنەبونی هەردوکیان یان یەکێکیان بڕیارێك دەردەکات بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی پزیشکی و ڕەوانەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی دەکات لە تەندروستی و کارتی نیشتمانی، بڕیارەکە زانیاری پێویست لەخۆ دەگرێت لە ناوی منداڵەکە و باوك و باپیری و شوێن و کاتی لەدایك بونی، وە وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە دەرکردنی بڕوانامەی لەدایك بونی منداڵەکە. لێرەدا یاسادانەر ئەو ڕووداوانەی بەدەرکردووە لە ماوەی (60) شەست رۆژ کە پێویست بوو لایەنی پەیوەست ئاگادار بکرێتەوە بە ڕووداوی لە دایك بوون، ئەوەش بۆچونێکی باشە چونکە ئەو منداڵانە دۆزراونەتەوە یاخود بنەچەیان نەزانراوە یان دیار نیە، بۆیە پێویستی بە کاتێکی زیاترە بۆ ساغکردنەوەیان، لە هەمان کاتدا بریاری دادگا لەجیاتی ئاگادارکردنەوەکە دادەنرێت. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 20).

یاسادانەر ڕەچاوی بەرژەوەندی منداڵی دۆزراوە و بنەچە نادیاری کردووە لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی جێگەی بۆ کردۆتەوە، بە شێوەیەك ئەو منداڵە بە پشت بەستن بە بەڵگەیەك یاخود بڕیاری دادگا تۆمار دەکرێت، ئینجا ڕووداوی لەدایکبون پێش سەرژمێری سالی (1957) ئەنجامدرابێت یاخود دوای ئەو سەرژمێریە، وە لە یەکێك لەم بارانەی خوارەوە: ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 20).

1- ئەگەر بڕوانامەی لەدایکبونی بۆ دەرنەچووبوو بە گوێرەی یاسای تۆماری لەدایکبوون و مردن ژمارە (148) بۆ سالی.(1971).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- ئەگەر بڕیارێك دەربارەیەوە دەرنەچووە بە پەروەردەكردنی یاخود خستنەپاڵ خێزانێك بە گوێرەی یاسای چاودێری ناكامەكان ژمارە (76) ی سالی . (1983)

**لقی دووەم: ڕەفتاركردن لەگەڵ ڕووداوی هاوسەرگیری و جیابونەوە**

جگە لە ڕووداوەكانی مردن و لە دایك بوون، ڕووداوەكانی هاوسەرگیری و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری و تەلاق و جیابوونەوە لە دەزگای زانیاریەكانی شارستانی تۆمار دەكرێن، مەبەست لە هاوسەرگیری واتە بوونی گرێبەستێك لە نێوان پیاو وە ئافرەت بە گوێرەیەوە هەر یەكێكیان حەلاڵ دەبن بۆ ئەویتریان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتنی بەرامبەر و دڵنەوایی و سۆز و میهرەبانی و بەرپرسیاریەتی هاوبەش. هەرچی جیابونەوەیە واتە هەڵگرتنی كۆتی هاوسەرگیری بە خستنی لە لایەن پیاو یاخود ئافرەت ڕاستەوخۆ یاخود لە لایەن بریكاریان یان ڕێگەپێدراویان یاخود لە لایەن دادوەر لە باری جیابونەوەی دادوەری دوای پێشكەشكردنی داواكاری لە لایەن یەكێك لە هاوسەرەكان وە سەلماندنی هۆكاری جیابونەوە. ( الزلمی، 2012، 130- 135). بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دادگای باری كەسی یاخود دادگای موادی كەسی یاخود دادگاكانی تر وێنەیەك لە بەڵگە ئینجا بڕیاری دادگا بێت یاخود گرێبەستی هاوسەرگیری بێت بدەن بە لایەنی پەیوەندیدار و بە شێوەیەكی ئەلیكترۆنی بە هەمان شێوەی ڕووداوەكانی سەرەوە ئەم ڕووداوانە تۆمار دەكرێن. هەروەها ئەو عێراقیەی لە دەرەوە نیشتەجێیە پێویستە لەسەری ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەست یاخود نوێنەرایەتی عێراقی بكاتەوە دەربارەی یەكێك لە ڕووداوەكانی هاوسەرگیری، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری، تەلاق، جیابونەوە، وە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەر یاخود ئەو كەسەی شوێنی دەگرێتەوە نیشانی بەڵگەنامەكە بكات لە تۆماری شارستانی بكات بە پشت بەستن بەو بەڵگەنامەیە كە لەلایەن دەزگایەكی وڵاتە بێگانەكە دەرچووە وە پەسەندكراوە لە لایەن نوێنەرایەتی عێراقی لە دەرەوە یاخود نوێنەرایەتی وڵاتە بێگانەكە لە ناوخۆی عێراق یاخود ئەو لایەنەی شوێنی دەگرێتەوە پاش پەسەندكردنی لایەنەكە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق، وە دەكرێت ڕووداوەكە نیشانەبكرێت لە بنكەی زانیاریەكانی شارستانی بە پشت بەستن بە پشتگیری نوێنەرایەتی عێراقی لە وڵاتی دەرەوە لە كاتی نەبونی ئەو بەڵگانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیكردون. ( یاسای كارتی نیشتمانی، 2016، 3، 12/یەكەم، دووەم، سێیەم) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە بە پێی یاسا ڕێگە دراوەی ئافرەتێکی عێراقی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی بیانی بکات بە بێ ئەوەی ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی لەدەست بدات ( یاسای ڕەگەزنامە، 2006، 12/46)، وە وشەی بیانی ( أجنبی) پێچەوانەی هەڵگری ڕەگەزنامەیە، واتە بیانی ئەو کەسەیە کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نیە کە هاتۆتە ناوی، واتە هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و یاسایی نیە لەگەڵ ئەو وڵاتەی هاتۆتە ناوی( بکر، 2018، لا 30). بۆیە لەو کاتەدا تۆمارێکی تایبەت بە ئافرەتەکە دەکرێتەوە لە سیستەمەکە وە ژمارەیەکی ناسینەوەی خێزانی پێدەدرێت، لەو تۆمارە سەرجەم ڕووداوەکانی هاوسەرگیری، تەلاق، جیابونەوەی ئافرەت، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست، بونی منداڵ ئەگەر هەبن تۆمار دەکرێت، وە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو ئافرەتە لەگەڵ بیانیەك هاوسەرگیری کردووە بەڵام پیاوە بیانیەکە ژمارەی ناسینی خێزانی پێنادرێت، چونکە لەوکاتەدا هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نیە. بەڵام کاتێك پیاوێکی عێراقی هاوسەرگیری لەگەل ئافرەتێکی بیانی ئەنجام دەدات سەرجەم ڕووداوەکانی هاوسەرگیری، تەلاق، جیابونەوەی ئافرەت، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست، بونی منداڵ ئەگەر هەبن تۆمار دەکرێت، هەموویان تەنانەت بە ئافرەتی بیانیەوە کە پیاوەکە هاوسەرگیری لەگەل کردووە دەبن بە خاوەنی یەك ژمارەی ناسینەوەی خێزانی

بۆ ڕێکخستنی ئەم بارانەی سەرەوە یاسادانەر ژمارەی ناساندنی خێزانی بە یەکێك لە رەگەزە هەرە سەرەکیەکانی کارتی نیشتمانی لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی داناوە، واتە جگە لە ژمارەی ناساندنی هاوڵاتی ناسنامەکان ئەم ژمارەیان لەسەرە، ژمارەکە تا ئەندازەیەکی زۆر جێگیرە، وە جێگیربونەکەی پەیوەستە بە جێگیربونی باری کۆمەڵایەتی خێزانەکە، بۆیە ئەگەر باری کۆمەڵایەتی خێزانەکە ناجێگیربونی نەرێنی بەخۆیەوە دیت، وەك هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری یاخود ناجێگیربونی ئەرێنی بوو وەك کوڕێك یان کچێکی خێزانەکە هاوسەرگیری بکات، ئەوا ژمارەی خێزانەکە بە بریارێك رادەوەستێت، بەڵام یاسادانەر ئاماژەی بە بارێك نەکردووە ئەویش ئەوەیە ئەگەر پیاوێك ژنی دووەم یاخود سێیەم یاخود چوارەم بێنێت هەمان ژمارەی خێزانی پێدەدرێت یاخود ژمارەیەکی تایبەت بە خێزانی نوێی پێدەدرێت. دەربارەی ئەو ئافرەتەی لە پیاوەکەی جیا دەبێتەوە هەمان ئەو ژمارەی پێدەدرێت کە بەر لە هاوسەرگیری هەی بووە، توێژەر لێرەدا نا دادپەروەریەك دەبینێ چونکە لەکاتی هاوسەرگیری ژمارەیەکی نوێ دراوە بەو خێزانە، بۆیە کاتێ هاوسەرگیری کۆتای پێدێت باشتر وابوو ژمارەیەکی نوێی پێبدرێت بە ئافرەتی تەلاقدراو نەك بگەرێتەوە سەر ژمارەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خێزانی پێشووی خۆی بەر لە هاوسەرگیری، وە یاسادانەر ژمارەی ناساندنی خێزانی پیاوەکەی روون نەکردۆتەوە، ئایا پیاوەکە دەچێتەوەی سەر هەمان ژمارەی ناسینی خێزانی پێشووی خۆی یاخود ژمارەی نوێی پێدەدرێت؟ ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 25)
بەم شێوەیە باری هاوسەرگیری زیاد دەکرێت لە تۆماری سیستەمی زانیارییەکانی شارستانی، وە هەمواری باری کۆمەڵایەتی کەسەکان دەکرێت لە سەڵتەوە بۆ هاوسەر بە پشتبەستن بە گرێبەستی هاوسەرگیری یاخود بڕیارێکی سەلمێنەر بۆ باری هاوسەرگیری یاخود بڕیارێکی دەرچوو لە لایەن دادگای تایبەتمەند، وە دەبێت تۆمارێکی ناسینەوەی نوێ بۆ خێزانەکە دروست بکرێت.

**لقی سێیەم: لەدەستدانی کارتی نیشتمانی و سڕینەوەی ناوە خەیاڵیەکان**

لەگەڵ بوونی چوارچێوەیەکی دروست بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی لە لایەك و رێکخستنی لە ڕووی هونەریەوە لە لایەکی ترەوە بە تایبەت بە پشتبەستن بە سیستەمە ئەلیکترۆنیەکەی کە زۆر ئەستەمە گزی تێدا بکرێت، بەڵام لەگەل ئەوەشدا یاسادانەر دەرفەتی داوە بەو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربارەی ڕاگرتن و پوچەڵکردنەوەی کارتی نیشتمانی لە هەندێ باردا لە هەمان کاتدا ڕێگەی داوە بە ئەندامانی خێزان بە پێشکەشکردنی داواکاری لەکاتی بونی هەر ئەگەرێکی نارەوا لە هەندێ بواری تردا، بۆ نمونە یاسادانەر پێویستی کردووە بە سڕینەوە و دەرکردنی داتاکانی کەسی لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی بە بڕیارێك لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی یاخود ئەو کەسەی شوێنی دەگرێتەوە لە یەکێك لەم کاتانەی خوارەوە:

**یەکەم: لە کاتی لە دەستدانی ڕەگەزنامەی عێراقی یاخود ڕاکێشانەوەی**

وەك ئاشکرایە لەدەستدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بە دوو شێواز دەبێت، بە ویستی هاونیشتمانی وە بەبێ ویستی هاونیشتمانی، باری یەکەم لە کاتێکدا دەبێت کەسەکە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تر دەدات، یاسای ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە ناچاری دەکات دەست بەرداری ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی بێت، بەڵام لەدەستدانی بێ ویستی هاونیشتمانی ئەوەیە بەبێ ئەوەی بڕیاری خۆی لەگەڵ بێت ڕەگەزنامەی لێوەردەگیردرێتەوە، زۆرینەی بارەکانی ئەم شێوازە بە ڕێکارێکی کارگێڕی دەبێت بەوگوێرەیەوە کەسەکە رووتدەکرێتەوە لە ڕەگەزنامە، لێرەدا دوو شێواز هەیە ئەوانیش ڕاکێشانەوە و کەوتنی ڕەگەزنامە، ڕاکێشانەوەی ڕەگەزنامە بە پشت بەستن بە بڕیارێکی دەستەڵاتی جێبەجێکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت دژی کەسێك بەهۆی هەستانی بە کارێك دووپاتی لاوازی ئینتمای کەسەکە دەکات بۆ وڵات یاخود کارێکی کرد مەترسی دروست کرد بۆ ئاسایش و سەلامەتی وڵات، یاخود زانیاری نا دروستی پێشکەش کرد لەکاتی داواکردنی ڕەگەزنامەی عێراقی. هەرچی شێوازی کەوتنی ڕەگەزنامە بەهەمان شێوە بە پێی ڕێکارێکی دەستەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت بەرامبەر ئەو هاونیشتمانیانەی کە بە شایستەی ئەوە نابینرێن هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵات بن. ( الاسدی، 2012، ص 111)، ( الهداوی، 1990، ص 190)

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی دووپاتی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە وەزیر بۆی هەیە ڕەگەزنامەی عێراقی وەربگرێتەوە لە کەسێك کە وەری گرتووە ئەگەر سەلمێنرا هەستاوە بە کارێك یاخود هەوڵی هەستانی بە کارێك داوە بەوگوێرەیەوە ئاسایش و سەلامەتی وڵات بخاتە مەترسیەوە، یاخود زانیاری هەلە پێشکەش بکات لەسەر خۆی یاخود خێزانەکەی لەکاتی پێشکەشکردنی داواکاری. وە ئەگەر عێراقیەك بە ویستی خۆی داوای ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تر بکات و واز لە ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی بێنێت دەتوانێت داوای بکاتەوە ئەگەر گەرایەوە وڵات بە شێوەیەکی یاسایی وە بۆ ماوەیەك لە ساڵێك کەمتر نەبێت نیشتەجێ بێت تیاییدا و تەنها یەك جار دەتوانێت سودمەندبێت، ( یاسای ڕەگەزنامە، 2006، 2/10/26).

**دووەم: لەکاتی تۆمارکردنی داتاکان یاخود زانیاریەکان بە شێوەیەکی نا یاسایی یاخود لەکاتی دووبارەبونەوەی داتاکان یان لەکاتی نەبونی مەرجی یاسای. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 13)**

لە هەمان کاتدا لە کاتی بوونی ناوی خەیاڵی ( الوهمیه) لە تۆماری خێزانی، یاسادانەر ڕێگەی داوە بە هەر یەکێك لە ئەندامانی خێزان کە داوا تۆماربکەن لە دادگای تایبەتمەند بۆ سڕینەوەی ناو یاخود زانیاریە خەیاڵیەکان، وە پێویستە دادگا یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە و دادگای تایبەتمەند بخاتە نێو داواکە وەك کەسی سێیەم. وە داواکە تۆمار دەکرێت بە گوێرەی پسپۆری شوێنی پەیوەست بە دەڤەری نیشتجێبونی خاوەن تۆمارەکە وە پێویستە لەسەر داواکار وێنەیەك لە وێنەی تۆماری ئەندامانی خێزانەکەی بدات بە لایەنی پەیوەندیدار بە گوێرەی سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی وە بۆی هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگە یاسای بگرێتەبەر لە کاتی تانەلێدان بە پێی یاسای پەیوەندیدارەکان. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 32، 33).

دەرکردنی ناوە خەیاڵیەکان ( الاسماو الوهميه) و ناوی مردووان ئەرکێکی زۆر گرنگی دامەزراوەی کارتی نیشتمانیە بۆ دەرخستنی داتای دروست لە وڵات بە هۆیەوە دەبێتە بنەمایەك بۆ چەندین پرۆژەی تر وەك هەنگاوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بەمەبەستی دەرکردنی تۆمارێکی پاك بە پشت بەستن بەو داتایانە.

**بەشی دووەم: لایەنی کردەیی کارتی نیشتمانی و گرفتەکانی بەردەم دەرکردنی**

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە پرۆسەی دەرکردنی کارتی نیشتمانی سەردانی و ئاشنابوون بە گرفتەکان و کۆسپەکانی هاوڵاتیان لە دەرکردنیدا توێژەر سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کردووە لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند دەتوانین پشت بە کارتی نیشتمانی ببەستین بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدران، سەرەتا بە نوسراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی نوسراوی ژمارە ( 59) لە ڕێکەوتی ( 2019/7/9) بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەستمان پێکرد بەمەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم بۆ هاوکاریکردنمان، وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە ( 12595) لە ڕێکەوتی ( 2019/7/15) نوسراوی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم کردووە، توێژەر لە ڕۆژی ( 2019/7/17) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کرد، دواتر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی کرد لە پارێزگاکانی ( هەولێر، سلێمانی ، دهۆك)، هەروەها پاڵپشت بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە (1/2 /1300 ) کە لە ڕێکەوتی ( 28/ 8 / 2019 ) دەرچووە، توێژەر لە ڕێکەوتی (2019/8/31) سەردانی ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی بغدادی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی ئیتحادی کردووە، دوای گەیشتنمان بە چەندین تێبینی و سەرنج و پێشنیار لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوە دەیانخەینەروو:

**داواکاری یەکەم: سەردانی مەیدانی بۆ پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگای بەغداد**

هەروەك ئاماژەمان پێکرد، ئەم توێژینەوەیە جگە لە لایەنی تیۆری و خستنەڕووی دەقە یاساییەکان پێویستی بە لایەنی کردەیی هەبوو بۆ شارەزابوون لە پرۆسەی پێدانی کارتی نیشتمانی بە هاوڵاتیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و سیستمە زانیاریەکانی شارستانی و چۆنیەتی کارکردنی ) سێرڤەرS - پrv(r، هەروەها بۆ لێکۆلینەوەکردن لەو کێشانەی رووبەرووی هاوڵاتیان بوونەتەوە لە کاتی پێشکەشکردنی مامەڵەکانیان، لە هەمان کاتدا بەمەبەستی ئاشنابونمان بەوەی تا چەند دەتوانین بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران پشتی پێببەستین. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر سەردانی مەیدانی ئەنجامداوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی لە پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگای بەغداد، بۆیە هەوڵدەدەین ئەنجامی سەردانەکان کە لە شێوەی چاوپێکەوتن دەستمان کەوتوە بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە روو :

**لقی یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی هەولێر**

بە پشت بەستن بە سیستەمی کۆنی لە یاسای باری شارستانی هەڵوەشێنراو ژمارە (65) لە سالی (1972)، (43) فەرمانگەی باری شارستانی لە پارێزگای هەولێر بونیان هەیە، بەڵام بە گوێرەی یاسای کارتی نیشتمانی دەبێت تێکەڵ بکرێن یاخود بگۆڕدرێن بۆ بنکەی زانیاریەکانی شارستانی، بۆیە ئەوەی ئێستا کاری لەسەر کراوە توانراوە (18) فەرمانگەی تر بکرێنەوە، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم سەردانە مەیدانیە نزیکەی (500000) پێنج سەد هەزار هاونیشتمانی سەردانی دامەزراوەکانی کارتی نیشتمانیان کردووە لە تەواوی پارێزگا و بۆیان دەرکراوە لە نزیکەی (2100000) دوو ملیۆن و سەد هەزار ژمارەی دانیشتوانی پارێزگا ، واتە (25%) ی هاولاتیان کارتی نیشتمانیان دەرکردووە. حکومەتی ئیتحادی بناغەیەکی پتەوی بۆ کارتی نیشتمانی دانەنانەوە بەڵکو بە کەمتەرخەمی دەستی بە پرۆسەکە کرد وەك پێویست تاکو ئێستا هاوکار نەبووە و سەرجەم پێداویستیەکانی کردنەوەی فەرمانگە دابین ناکات لە پارێزگاکانی هەرێم، بەڵکو تەنها سیستەم دابین دەکات. بەلام باڵەخانە و کارمەند دەبێت حکومەتی هەرێم دابینیان بکات. واتە ئەگەر بەو شێوە کار بکرێت ناتوانین لە ماوەی (8) هەشت ساڵی داهاتوو ببین بە خاوەنی کارتی نیشتمانی بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتیان کە جێگای ڕەزامەندی بێت. وە دەکرێت کارتی نیشتمانی بۆ داهاتوو ببێتە بناغەیەك بۆ زۆر مەبەست لەوانە: ( عزیز، 2019).

- پێدانی موچە بە هۆی کردنەوەی ژمارەی بانکی بۆ موچە خۆران.
- پێدانی ڤیزە بە هاونیشتمانیان.
- لەکاتی دەنگدان بۆ بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان .
- پێدانی بیمەی تەندروستی کەلەسەری دروست دەکرێت.

بەڵام بە دڵنیایی بەهۆی نوێیی پرۆسەکە و ناسەقامگیری وڵاتـی عێراق و بارودۆخەکەی و نەبونی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە کێشەکان، دامەزراوەکانی پەیوندیدار و هاوڵاتیان ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبنەوە، بۆیە لە خوارەوە بەشێك لەو کێشانە دەخەینەڕوو :

-1 تۆماری لاوەکی: هەروەك ئاگادارین بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراق بە گشتی و هەبوونی دەیان شۆڕش و ڕاپەڕین دژی حکومەتەکانی عێراقی لەکاتی دامەزراندنیەوە تاکو ڕووخانی دوا رژێم لە سالی (2003) لە لایەن هاوپەیمانانەوە، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بێبەش دەبوون لەو سەرژمێریانەی لە وڵاتی عێراق ئەنجام دراون، چونکە هەموو ناوچەکان لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتەکانی ئەو کات نەبوون وە ئەگەر دەستەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکانیش هەبوایە ژمارەیەك هاوڵاتی بەهۆی بەشداریان لە جوڵانەوە شۆڕشگێری و سیاسیەکان لە دەرەوەی وڵات ژیانیان دەبردە سەرو بەشداری ئەم جۆرە سەرژمێریانەیان نەدەکرد. وە لە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (1991) و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەت، چەندیدن هەنگاو نران لە لایەن دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاسەوارانەی کە کاریگەری نەرێنیان کردۆتەوە سەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، یەکێك لەو کێشانە نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی بوو، وە بە تایبەت لە دوای گەڕانەوەی ئاوارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لە وڵاتانی دەرەوە پێویستی هاوڵاتیان بە ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی پێویستیەکی زۆری دروست کرد کە حکومەتی هەرێم بیر لە چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە، وە بەهۆی نەبونی هیچ هەماهەنگیەکی واقعی لە نێوان حکومەتی عێراقی بەر لە (2003) و لەگەڵ حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمایەکی یاسایی و دەستوری، بۆیە حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بڕیاریدا لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕەگەزنامە بدرێت بەو هاوڵاتیانەی بەبێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە. بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم لە ریِ◌ِگەی وەزارەتی ناوخۆ ڕەگەزنامەی داوە بە هاوڵاتیانی هەرێم، پیادەکردنی ئەم دەستەڵاتە بەردەوام بووە تاکو ساڵی (2010)، وە بە تایبەت دوای دەرچوونی یاسای کارتی نیشتمانی ئەم کێشەیە جارێکی تر سەریهەڵدایەوە، چونکە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتەکانی ئێستادا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پێدانی ڕەگەزنامە بە هاوڵاتیان لە دەستەڵاتی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم نیە، بەڵکو لە دەستەڵاتی دیاریکراو ( حصر)ی حکومەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەندییە بە پشت بەستن بە برگەی ( 5) پێنجەم لە مادەی (110) دەستوری هەمیشەی عێراق بۆ سالی (2005) . بەڵام بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی مادەی (117) لە هەمان دەستور هاتووە کە ( ئەم دەستورە لەگەل جێبەجێکردنی داندەنێت بە هەرێمی کوردستان و دەستەڵاتە قائمەکانی وەك هەرێمێکی ئیتحادی)، بە پشت بەستن بەم ماددەیە هەر جۆرە هەڵسووکەوتێك لە لایەن یەکێك لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام درابێت هەمووی دانی پیانراوە تەنانەت بە پێدانی ڕەگەزنامە بە هاوڵاتیانەوە، بۆیە لەسەر پرسی ڕەگەزنامەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی ناوخۆی حکومەتی ئیتحادی پێك هات وە بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی پارێزگاکانی هەرێم تیایدا بەشداربوون، ئەم لیژنەیە یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی واژوو کردووە بەوگوێرەیەوە حکومەتی ئیتحادی داندەنێت بە سەرجەم ئەو رەگەزنامانەی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم دەرچوون تاکو کاتی جێبەجێکردنی دەستوور کە (2005/12/30). بەم شێوەیە هەر هاوڵاتیەك بەخۆی یان رەچەڵکی بەشداری سەرژمێری سالّی (1957) ی نەکردبێت وە ڕەگەزنامەی عێراقی پێدرابێت لە هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە خاوەنی کارتی نیشتمانی، بەڵام لێرەدا کێشەی ئەو هاوڵاتیانە دەست پێدەکات کە دوای (2005/11/15) ڕەگەزنامەیان پێدراوە، دوا هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتی ئەو هاوڵاتیانە دەگەرێـتەوە بۆ ئەو کاتەی کە داواکرا لە لایەن ( رێبەر ئەحمەد) وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە فریق ( یاسین یاسری ) وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئیتحادی کاتێ لە (2019/8/30) سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت، چونکە پێویستی بە بڕیارێکی سەرۆك وەزیرانی عێراقی یاخود وەزیری ناوخۆی عێراقی بووە بۆ ئەوەی پەسەندی ڕەگەزنامەکەیان بکرێت.

-2 پێدانی ڕەگەزنامە بە بیانیەکان: هەندێ هاوڵاتی بیانی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە ڕەگەزنامەی عێراقیان پێدراوە، ئەو هەڵس و کەوتە لە دوو لایەن پێچەوانەی بنەما یاسای و دەستوریەکانە، لایەنی یەکەمی ئەوەیە کە لایەنی پەیوەندیدار لە پێدانی ڕەگەزنامە رەچاوی رێِکار و بنەما یاساییەکانیان نەکردووە، لایەنی دووەم ئەوەیە پێدانی ڕەگەزنامە بە هاوڵاتیان بێگانە لە دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم نیە، بەڵکو لە دەستەڵاتە دیاریکراوەکانی حکومەتی ئیتحادیە. بۆیە لێرەدا ژمارەیەکی بەرچاو هاوڵاتیان تاکو ئێستا کێشەی بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، ئەمەش کاریگەری

کردۆتە سەر ئەوەی تاکو ئێستا کارتی نیشتمانیان پێنەدرێت، چونکە جگە لە تۆمارکردنی هاوڵاتی خۆی یاخود ڕەچەڵەکی لە سەرژمێریەکانی عێراق مەرجە بۆ پێدانی ڕەگەزنامە، وە بوونی ڕەگەزنامە مەرجە بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی. بۆیە ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەرێکی ترە بێگومان چارەسەرەکە خۆی لە ڕێکەوتنێکی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی دەبینێتەوە لە ريِّگەی دەرکردنی بڕیارێك.

3- قەرەجەکان ( کۆچەریەکان): ئەو هاوڵاتیانەن کە لە هەرێمی کوردستان و عێراق نیشتەجێن، بەشێکی زۆری ئەو هاوڵاتیانە کێشەی ڕەگەزنامەیان هەیە، ئەم هاوڵاتیانە لە کاتی ئێستادا بە شێوەیەکی کاتی کارتی نیشتمانیان پێدراوە. بەڵام پێویستە لە بنەرەت کێشەی ئەم هاوڵاتیانە چارەسەر بکرێت، بۆیە دەبێت بە هەمان ئەو شێوازەی لە خاڵەکانی یەکەم و دووەمی سەرەوە ئاماژەمان پێیکرد پێویستە چارەسەرێك بۆ گرفتی ئەم هاوڵاتیانە بدۆزرێتەوە .

**لقی دووەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی سلێمانی**

ڕۆژی یەکشەممە رێکەوتی (2019/7/21) توێژەر سەردانێکی مەیدانی شاری سلێمانی کردووە لەگەڵ هەریەك لە ( عمید محمد شێخ سعید محمد صالح ) بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی پارێزگای سلێمانی و مقدم ( عبدالعزیز، 2019) بەڕێوەبەری کارتی نشتیمانی سەنتەری شاری سلێمانی کۆبوونەوە، لەم سەردانە مەیدانیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

بە پشت بەستن بە سیستەمی کۆنی یاسای باری شارستانی هەلوەشێنراو ژمارە (65) لە سالی (1972)، فەرمانگەی باری شارستانی لە پارێزگایی سلێمانی ژمارەیان (43) فەرمانگەیە، جگە لە ئیدارەی گەرمیان ، (19) فەرمانگە کارتی نشتیمانی هەیە و سیستەمەکەیان چالاکە، (3) فەرمانگە تێکەڵکراون واتە (21) فەرمانگە ئێستا کارتی نشتیمانی کاری تێدەکرێت بە پارێزگای هەڵەبجەوە کە شارۆچەکەکانی (هەڵەبجە ، سیروان ، خورماڵ ) دەگرێتەوە، تاکو سەردانیکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە سنوری ئەم پارێزگایە (344،351) هاوڵاتی کارتی نیشتمانیان بۆ دەرکراوە. ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە بوونەتەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- هەندێ باری دووبارەبونەوە هەیە لە دروستکردنی کارتی نیشتمانە کە بە ( گۆڕانکاری باری کۆمەڵایەتی - تغیر حالە ) ناسراون وەك ئەوەی هاوڵاتیەك سەڵت بووە لەگەڵ خێزانی باوکی ژمارەیەکی ناسینی خێزانی پێدراوە بەڵام دوای هاوسەرگیری ژمارەی ناسینی نوێی پێدەدرێت، باری تر هەیە لە هاوڵاتیان هاوسەرگیریان کردووە دواتر جیابوونەتەوە ژمارەی پێشوتری خێزانی دراوە بە ئافرەتی جیابوەوە، بۆیە لێرەدا هەندێ هاوڵاتی (3) جار سەردانیان کردوون.

2- نەتوانراوە لە هەموو ناحیەکان کە فەرمانگەی باری شارستانی لێیە، سیستەمی وەرگرتنی داتاکانی پەیوەست بەکارتی نیشتمانی تێدا دەست بەکاربێت، هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی باڵەخانە و ئینتەرنێت و نەبونی کارەباو دووری شوێنەکە، هەروەها فەرمانگە هەیە تۆماری کەمە بۆ نمونە ( 4) تۆماری هەیە، باشتر وایە ئەو فەرمانگانەی تۆماریان کەمە تێکەل بکرێن.

3- بۆ کردنەوەی فەرمانگەی کارتی نشتیمانی حکومەتی ئیتیحادی بەڵێنی داوە تەنها ئامێرو سیستەمی وەرگرتنی زانیاریەکان بە ئەلیکترۆنی و سێرڤەر دابین دەکات، بەڵام باڵەخانە و کەل و پەل و کارمەندی ڕاهاتوو دابین ناکات. ئەوەش بە یەکێك لە گرفتەکان دادەنرێت بە تایبەت نەبونی فەرمانبەر گرفتێکی گەورەیە، راستە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم زۆرینەیان لە پێداویستی خۆیان زیاتر میلاکی فەرمانبەریان هەیە، بەڵام ناکرێت بە بێ ڕەزامەندی فەرمانبەر میلاکیان بگوازرێتەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ لە لایەکی تر ئەم فەرمانبەرانەی لەو بوارە کاردەکەن دەبێت پیشەیی بن و هەڵگری بڕوانامەی ئایتی بن یاخود ئەزمونی باشیان هەبێت لە کارکردن لەبواری ئایتی، بۆیە پێویست بوو میلاکی نوێ درابوایە وەزراەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی فەرمانبەری تازە لە پسپۆری دابمەزرێن و راهێنانی پێویستیان پێبکرێت.

4- هەندێ هاوڵاتی مامەڵەکانیان پەسەند ناکرێت، چونکە ناویان لە تۆمارێك هەبووە تۆمارەکە دراوە یاخود هەندێکی سوتاوە، دامەزراوەکانی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم تۆماری نوێی بۆ داناون بەڵام بەر لەوەی لە لایەن دامەزراوەی تاییبەتمەند لە حکومەتی ئیتحادی پەسەندبکرێت، بۆیە پێویستە ئەم تۆمارانە پەسەند بکرێن یاخود دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بگەڕێن بەدوای بنەرەتی تر تاکو وەك بناغە و بنەمایەك پشتی پێببەستن.

5- هاوڵاتیان بە بەردەوامی خۆیان داوای ئەنجامدانی مامەڵەی دەرکردنی کارتی نیشتمانی دەکەن، بەهۆی ژمارەی زۆری هاوڵاتیان و کەمی بنکەکانی زانیاری شارستانی و کەمی کارمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەتوانراوە راستەخۆ کار لەسەر جێبەجێکردنی مامەڵەی ئەو هاوڵاتیانە بکرێت کە مامەڵەکانیان پێشکەش دەکەن، بۆیە بە ناچاری کاتی پەنجەمۆری هاوڵاتیان دوادەخرێت، تەنانەت لە سنوری پارێزگای سلێمانی ماوەی ساڵ و نیویێك وەك نۆرە بۆ هاوڵاتیان دانراوە بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆر.

6- هەبونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانگەی باری شارستانی لە هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە گرفتەکان دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی سەر بە حکومەتی ئیتحادی و ژمارەی دانیشتوانیان بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر (43) فەرمانگە هەیە، لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە (36) فەرمانگە هەیە، لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان (7) فەرمانگە هەیە، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد فەرمانگە هەیە (4) چوار تۆماری هەیە، دابینکردنی سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ سەرجەم فەرمانگەکان کارێکی گرانە، بۆیە باشتر وایە فەرمانگەکان تێکەڵ بکرێن وە لە بری دانانی سیستەمی نوێ بۆ فەرمانگەی کە نەکراونەتەوە، ژمارەی فەرمانبەران زیادبکرێت و شوێنی کارکردن لە فەرمانگە دەست بەکاربوەکان فراوانتر بکرێت، بۆ نموونە باشتر وایە فەرمانگەکانی ( قەزای چۆمان و ناحیەکانی گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران و قەسرێ) لە سنوری ئیدارەی سۆران تێکەڵ بە فەرمانگەی چۆمان بکرێن و بکرێتە یەك فەرمانگە .

**لقی سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نشتیمانی پارێزگای دهۆك**

لەڕێکەوتی (2019/7/31) توێژەر سەردانی مەیدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نشتیمانی دهۆك ئەنجامدا، بە پشت بەستن بە سیستەمی کۆنی یاسای باری شارستانی هەڵوەشێنراو ژمارە (65) لە سالی (1972)، (17) حەقدە فەرمانگەی باری شارستانی لە پارێزگای بونیان هەیە ( 12) دوانزیان کراونەتەوە، (4) چوار فەرمانگە لە قۆناغی ئامادەکاریدان و (1)، فەرمانگەی کۆتای لە ( مانگێش ) بەهۆی نەبوونی کارەبا ناتوانرێت لە قۆناغی ئێستادا بکرێتەوە چونکە ( سێرڤەری) فرعی نابێت کارەبای لێ ببرێت. ڕێژەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی لەسەر داواکاری مامەڵەی هاوڵاتیان دەگاتە (28-30 % ) کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق. بە گشتی لەم سەردانەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1- لەساڵی (1991 تاکو 2009) تۆمار دروستکراوە تایبەتە بە ناسنامەی باری شارستانی، بۆ ئەو هاوڵاتیانەی ناسنامە و ڕەگەزنامەیان نیە ئینجا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ژیاون حکومەتەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەر لە سالی (1991) مافی پێدانی ناسنامە و ڕەگەزنامەی پێنەداون، یاخود ئەو هاوڵاتیانە بەهۆی باری سیاسی لە ئەنجامی شۆڕشەکانی کوردیەوە بە درێژای سەدەی رابردوو لە دەرەوەی عێراق ژیانیان بەسەر بردووە وە لە دوای (1991) گەراونەتەوە .

2- هەندێ هاوڵاتی لەساڵی (1991) لە شارەکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبووە، بەلام بەهۆی راپەرینەوە گەراوەتەوە کوردستان و لە ژێر سایەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم ژیانی بردۆتە سەر و نەیتوانیوە بگەرێتەوە، وە هیچ پەیوەندیەکی یاسای و دەستوری لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم نەبووە تاکو کێشەکانی ئەم هاوڵاتیانە لە رووی ناسنامە و ڕەگەزنامە چارەسەر بکرێت، بۆیە بۆ بێبەشن، نەبونی ئەو هاوڵاتیانە لە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و ناسنامە و ڕەگەزنامەیان بۆ دەرکراوە.

3- هەندێ هاوڵاتی ناسنامەو ڕەگەزنامەیان دروستکردووە بە رێگەیەکی نا یاسایی و بەبێ سەردانیکردنی فەرمانگەکانی حکومەت بەبێ ئەوەی ناسنامە و ڕەگەزنامەکان بنەرەتێکیان هەبێت .

4- هەندێ هاوڵاتی ڕەچەڵەکی داتا و زانیاریەکانی کەسی یاخود خێزانیان گواستراوەتەوە لە تۆماری پارێزگایەك بۆ تۆماری پارێزگایەکی تر، لە تۆمارە نۆێیەکە ئاماژە بە تۆمارە کۆنەکەی نەدراوە تاکو بگەڕێنەوە سەر بنەرەتی هاوڵاتییەکە. ئەم پرۆسەیە وایکردووە نەتوانرێت لایەنی پەیوەندیدار لەکاتی دروستکردنی کارتی نیشتمانی بگەڕێتەوە سەر مامەلەیَ بنەرەتی.

5- هاوڵاتی هەیە بۆ بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی وڵاتی تر دەبێت دەست بەرداری ڕەگەزنامە عێراقی بێت ( هەر یەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا، دانمارك) ئەو مەرجەیان داناوە، بەڵام ئەو هاوڵاتییە دوای وازهێنانی لە ڕەگەزنامەی عێراقی بۆی هەیە داوای ئیقامە - نیشتەجێبون لە عێراق بکات و دوای ساڵێك نیشتەجێبونی لە عێراق ڕەگەزنامەی عێراقی پێدەدرێتەوە، کێشەکە لە هەرێمی کوردستان لە ئیقامەیە، چونکە بەرێوەبەرایەتی ئیقامە لە وەزارەتی ناوخۆ حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی تایبەت کردووە بۆ دروستکردنی کارتی ئیقامە ئەمەش جیایە لەگەڵ ئەو رێکارانەی لە لایەن حکومەتی ئیتحادی پیادە دەکرێن و بە گوێرەی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی نی یە.

6- لەساڵی ( 1997 ) ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری (986) دەرکرد کە تایبەتە بە هەناردەکردنی نەوت و دابینکردنی خۆراك بۆهاوڵاتیانی عێراقی، لەو قۆناغەدا ژمارەیەك ناوی خەیاڵی ( وهمی) لە پسولەکانی بریکارەکانی خۆراك بە شێوەی نا یاسایی نوسراون، ئێستا ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوانە لە رووی واقیع بونیان نی یە، بە گوێرەی تۆمار دەبێت کارتی نشتیمانی دروست بکەن، بەڵام ناتوانین چونکە بونیان نی یە لە تۆماری سالی (1957) کە سەرژمێری ئەنجام دراوە.

**لقی چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە کارتی نیشتمانی پارێزگای بەغداد**

ئاماژە بە فەرمانی کارگێری ژمارە (1/2 /1300 ) کە لە ڕێکەوتی ( 28/ 8 / 2019 ) لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم/ کارگێری هەڵبژاردن دەرچووە، توێژەر لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ( 2019/8/31) سەردانی مەیدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی پارێزگای بەغداد ئەنجام دا، وە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە: (نەشئەت، 2019)

1- بە پێی زانیاریەکانی کەناڵی ئاسمانی ڕووداو لە کاتی سەردانی ( یاسین یاسری) وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئیتحادی بۆ هەرێم لە ڕێکەوتی (2019/8/28) و دانیشتنی لەگەل سەرۆك وەزیرانی هەرێم و وەزیری ناوخۆی هەرێم لە ڕێکەوتی ( 2019/8/30) وەك بنەما هەردوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون بە زارەکی کە چارەسەری کێشەی تعداد فرعی بکەن ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەڵام تاکو ئێستا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دیاری نەکراون .

2- بە پشت بەستن بە مادەکانی ( 15، 16، 17) لە یاسایی کارتی نیشتمانی ژمارە (3) بۆ سالی ( 2016)، دەکرێت هاوکاری هەر دامەزراوەیەك بکرێت بە پێدانی ئەو داتایانەی کارتی نیشتمانی کە دامەزراوەکە پێویستی پێیەتی بۆ ئامانجێکی یاسایی، واتە بە گوێرەی پێویستی دامەزراوەکە چەند داتایەکی دیاریکراو نەك هەموو داتاکانی نێو کارتی نیشتمانی دەدرێت بە لایەن یاخود دامەزراوەی داواکار، چونکە کارتی نیشتمانی داتای جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت نەك تەنیا ئەو داتایانەی لەسەر کارتی نیشتمانی دەبینرێن، هەرچەندە میکانیزمەکانی پێدانی ئەو زانیاریانە دیارنین لەم قۆناغەدا بەڵام دەکرێت لە داهاتوو دیاری بکرێن بە تایبەت بە گوێرەی گرێبەستەکە دەکرێت ( Join ) تێکهەلکێش لەگەل سیستەمی سێرڤەری زانیاریەکانی شارستانی بکرێت. هەروەها هەلوێستی حکومەتی ئیتحادی بە گوێرەی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەل حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە تاکو ( 2005/10/15) واتە کاتی پەسەندکردنی دەستور کێشەکانی تعداد فرعی چارەسەر دەبن .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ڕێژەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە هەرێم بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق کەمە، هۆکارەکەی بۆ بونی کەموکوری هونەری گەراندەوە وەك نەبونی کارەبا وئینتەرنێت و باڵەخانە لە هەندێ شوێن لە پارێزگای دهۆك، وە نەبونی باڵەخانە و تۆری ئینتەرنێت لە هەندێ ناحیەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، وە جێگەی ئومێدە کە بڕیاردراوە ئەم کەموکریانە چارەسەر بکات.

4- بە گشتی ئەو گرێبەستەی لە نێوان حکومەتی ئیتحادی و کۆمپانیای ئاماژەپێکراو بۆ دروستکردنی کارتی نیشتمانی کراوە بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵە وە دەکرێت ماوەکەی درێژبکرێتەوە چونکە پرۆسەکە دەبێت بەردەوام بێت، چونکە بە بەردەوامی بارەکانی لەدایکبوون، مردن، تەلاق ، جیابونەوە، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری ، گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبونی هاوڵاتی هەیە، ئەمانە سەرجەمیان پێویستیان بە بەردەوامی پرۆسەکە هەیە وە لە رِیِگەی بنکەکانەوە ئەم پرۆسانە ئەنجام دەدرێن.

**داوکاری دووەم: گرێبەستی کارتی نیشتمانی و چۆنیەتی کارکردن لە سیستەم**

حکومەتی ئیتحادی لە عێراق بەمەبەستی ئەنجامدانی گرێبەست لەگەل کۆمپیانیای ( G and D ) ئەلمَانی وە وردبینی کردنی گرێبەستەکە لیژنەیەکی هونەری پێکهێناوە، ئەم لیژنەیە سەردانی کۆمپانیای ئاماژەپێکراویان کردووە لە وڵاتی ئەڵمانیا کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە :

1- فریق جواد - بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق.
2- عمید یاسین علی - بەرێوەبەری حاسوباتی وەزارەتی ناوەخۆ- هونەری.
3- ابراهیم عگید صدیق - بەرێوەبەری رەگەزنامەی دهۆك- نوێنەری هەرێم.

( صدیق، 2019، دهۆك) وەك ئەندامێکی لیژنەکە ئاماژەی بە چەند بابەتێکی هەستیاری پرۆسەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی و چۆنیەتی سود وەرگرتن لێی کرد کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان بکەین:

**لقی یەکەم: قۆناغەکانی دروستکردنی کارتی نشتیمانی**

دروستکردنی کارتی نیشتمانی پرۆسەیەکی هەستیار و گرنگە، چونکە دەبێت بەشێوەیەك دروست بکرێت دەرفەتی گزی و کۆپیکردنی نەهێڵدرێتەوە بۆ هیچ لایەن و کەسێك، ئەم کارتە وەك هەر کەلوپەلێکی تر کە دروست دەکرێت سەرەتا بریتیە لە کەرەستەی سەرەتای ( مواد خام)، دواتر بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغی گۆڕانکاری ڕەتدەبێت و دەبێت بە کارتێك بەبێ ئەوەی هیچ زانیاری و داتایەکی لەسەر بێت، دواتر قۆناغی سێیەم دێت کە بریتیە لە دانانی نیشانە ( کۆد ، رمز) ی ئەمنی، دواتر ئەو کارتە دەگوازرێتەوە بۆ عێراق و زانیاری و داتاکانی تایبەت بە هاوڵاتی تێدا تۆمار دەکرێت بە گوێرەی مامەڵەی هاوڵاتیان. بە گوێرەی گرێبەست دەبوایە لەهەر پارێزگایەکی عێراقی بنکەیەکی سەرەکی سێرڤەر بۆ سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی هەبوایە، بەڵام لەلایەن حکومەتی ئیتحادی جێ بەجێ نەکرا، ئێستا تەنها یەك سێرڤەری سەرەکی هەیە لە بەغداد. هەموو ئەو وڵاتانەی کۆمپانیای ناوبراو گرێبەستی لەگەڵ کردوون بۆ دروستکردنی کارتی نیشتمانی یەك نیشانە ( کود) ی داخستنی سێرڤەری هەیە، بەڵام لەسەر داوای حکومەتی ئیتحادی لیژنەی سەرەوە بۆ سێرڤەری عێراق دوو نیشانە ( کود)ی داخستن ( قفل ) دانراوە ( صديق، 2019).

لە ڕووی کاکردن و جێبەجێکردنی داواکاری هاونیشتمانیان، سیستەمی وەرگرتنی زانیاریەکان بە شێوەیەکە هەر فەرمانبەرێکی وەرگر رۆژانە دەتوانێ زانیاری (30 - 40 ) هاوڵاتی تۆماربکات، ( 4) چوار وەرگر یەك وردبینیان هەیە، وە (4) وردبینی یەك ( مسرح ) یان هەیە ، لەماوەی یەك چارەك ئەگەر ناوت لە تۆماری بەغداد هەبێ بە پەسەنکردن وەڵامەکە دەگەڕێتەوە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت گزی ( تزوير) لە کارتی نشتیمانی بکرێت تەنها ئەگەر کۆمپانیا ئەڵمانیەکە خۆی بیکات کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە، هاوڵاتی ناتوانێت لە جیاتی یەکێکی تر مامەڵەی کارتی نشتیمانی بکات چونکە سیستەمی عارچ ( شريتی سور ) هەیە ئاگادارت دەکاتەوە تەنانەت ئەگەر کارەبا نەبێت، سەرجەم تۆمارەکانی کۆنی ناسنامەی باری کەسی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە رەوانەی فرۆکەخانەی بەغدادی نێودەولەتی کراون، چونکە لایەنی ئاسایش لەو شوێنە زۆر باشە وە هەموو لاپەرەکانی تۆمارەکان سکان کراون دەبێت هاوتا بن لەگەل زانیاریەکانی کارتی نیشتمانی کە رەوانە دەکرێن لە لایەن بنکەکانی زانیاریەکانی شارستانی ( صديق، 2019)..

**لقی دووەم: وەرگرتن و سودوەرگرتن لە داتاکانی کارتی نیشتمانی**

یاسادانەر مافی پێدان و دەستاودەستکردنی زانیاریەکانی شارستانی کارتی نیشتمانی داوە بە چەند لایەنێك و کەسانێك، چونکە ناکرێت ئەو زانیاریانە قۆرخ بکرێن لە لایەن لایەنێکی دیاریکراو، بە تایبەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارتی نیشتمانی کۆمەڵێك زانیاری کەسی و خێزانی لە خۆدەگرێت دەکرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ دروستکردنی بنچینە و بناغەی زۆر کاری هەستیاری تر لە وڵات.

ئەو کەسانەی بۆیان هەیە وێنەی تۆماریان پێبدرێت بریتین لە خودی کەسەکە یاخود کەسێکی پلە یەك لە خزمی یان ئەو کەسەی سەرپەرشتی دەکات، دەبێت وێنەی تۆمارەکە مەبەست لە وەرگرتنی بەرێکردنی مامەلەی فەرمی بێت، ئەم وێنەی تۆمارە کە وەردەگیرێت پێویستە لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی پەسەند بکرێت.

هەروەها وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە وێنەی تۆماری تایبەت بدات بە دەزگایەکی پەیوەندیدار لە ولاتانی ترکە پەیوەست بێت بە تاوانبارێك بەهۆی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی سیمای نێودەولەتیان هەیە، سەرەرای ئەوە، بەرێوەبەری گشتی رەگەزنامە و کارتی نیشتمانی عێراق لە حکومەتی فیدرال بۆی هەیە زانیارییە تۆمارکراوەکان لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی بدات بە هەر دەزگایەکی حکومی یاخود نا حکومی بە گوێرەی پێداویستیەکانیان، دوای دڵنیابونەوە لە رەوای هۆکارەکانی داواکردنی زانیاریەکان، هەروەها بۆی هەیە رەتی داواکاری پێدان بکاتەوە بە شێوەیەك روونکردنەوەی پێویست بدرێت. لە هەمان کاتدا ئەو کەس و لایەنانەی ئەو زانیاریانە وەردەگرن دەبێت تەنها بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بێنن کە لە داواکاریەکە نوسراوە و نابێت بۆ مەبەستی تر بەکاربێت. ( یاسای کارتی نیشتمانی، 2016، 3، 14،15،16،17)، وە بۆردێکی ئەمنی پێك هێنراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی داتاو زانیاریەکانی کارتی نیشتمانی کە بریتین لە ( سەرۆك وەزیران، وەزیری ناوخۆ، سەرۆکی دەزگای هەوڵگەری)، بە گوێرەی ئەو گرێبەستەی لەگەل کۆمپانیایG and D) ی ( ئەلمانی ئەنجامدراوە رێگە دراوە لەگەڵ سێرڤەری سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی کارتی نیشتمانی جۆین (Join) بکرێت، واتە لایەنی تر بتوانێت سود لە داتاکان وەربگرێت.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یاسا رێگەی داوە داتا یاخود زانیاریەکانی کارتی نیشتمانی پێشکەش بە دامەرزاوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە عێراق یاخود لە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران یان بۆ هەر مەبەستێکی تر، بەڵام لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیانەوە بێت.

( صديق، 2019) پێی وابوو دەبوایە لەسەرەتای دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە سەرجەم بنکەکانی زانیاریەکانی شارستانی تایبەت بە دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە پارێزگاکانی هەرێم جگە لە وێنەیەك لەو داتا و زانیاریانەی رەوانەی بنکەی زانیاریەکانی شارستانی سەرەکی دەکرێن لە بەغداد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەیەك لە داتا و زانیاریەکان لە سێرڤەرێکی دروستکراو وە تایبەت بە بنکەکای زانیاری شارستانی لە هەرێم هەڵبگیردرابا بۆ ئەو کاتانەی لە هەرێم پێویستمان پێیان دەبێت لە لایەن دامەزراوەکانەوە بەبێ ئەوەی پێویستمان بەوە بێت بگەڕێینەوە بۆ حکومەتی ئیتحادی. بۆ ئەم مەبەستە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی دهۆك هەر لەسەرەتاوە هەر هاوڵاتیەك مامەڵەی کارتی نشتیمانی ئەنجام دابێت زانیاریەکانی وەرگیراوە جگە لەوەی وێنەیەك لە زانیاریەکان ڕەوانەکراون وێنەیەکی تر لە بەڕێوەبەرایەتی وەك داتا گلدراونەتەوە، بەڵام لە بنکەکانی تری پارێزگاکانی تر ئەم کارە نەکراوە .

## داواکاری سێیەم: تۆماری دەنگدەران و کارتی نیشتمانی

هەروەك لە سەرەتای توێژینەوەکەمان ئاماژەمان پێیکردووە ئامانجی ئێمە تیشك خستنە سەر کارتی نیشتمانیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بۆئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران پشتی پێببەسترێت تاکو بەهۆیەوە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە کوردستان ئەنجام بدرێت، وە ناساندنێکمان ئەنجامدا بۆ کارتی نیشتمانی و پرسە پەیوەندیدارەکانی، لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لە تۆماری دەنگدەران بکەم و بزانین تا چەند دەتوانین سود لە کارتی نیشتمانی وەربگرین بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی تۆمارەکە.

### لقی یەکەم: پێناسەی تۆماری دەنگدەران

لە ڕاستیدا تۆماری دەنگدەران بە چەندین شێوە پێناسەکراوە لەوانە ( خشتەیەکە ناوی هەموو ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێت کە مافی هەڵبژاردیان هەیە واتە ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی دەنگدەریان تێدایە. ( لتیف، 1979، ص103)، یاخود تۆمارێکە بۆ دەنگدەران لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت دەستەی دەنگدەران دیاری بکرێت بەشێوەیەکی کردەیی، بە واتایەکی تر ئەو کەسانە لە خۆدەگرێت کە مافی هەڵبژاردنیان هەیە وە بەو گوێرەیەوە بڕیار لەسەر بەشداربوانی هەڵبژاردن دەدرێت. ( رنی، 1964، ص 398). بەم شێوەیە دەتوانین بلێین تۆماری دەنگدەران بریتیە لە تۆمارێك کە ناوی دەنگدەرانی بەشداربوو لە خولێکی دیاریکراوی پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود ڕاپرسی لە خۆدەگرێت ئەوانەی مەرجەکانی دەنگدەریان تێدایە، وە تۆمارەکە دروست دەکرێت بە پشت بەستن بە ڕێکارێك کە بە پێی یاسا و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان دیاریکراوە.

تۆماری دەنگدەران میکانیزمێکی کردەییە بۆ دیاریکردنی ئەندامەکانی دەستەی دەنگدەران، ئەوانەی مافیان هەیە بەشداری لە هەڵبژاردن و ڕاپرسیە گشتیەکان بکەن، وە قەبارەی دەستەی دەنگدەران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوان و تەمەنی یاسای دەنگدەر بۆ پیادەکردنی مافی سیاسی، وە تەمەنی دەنگدان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە هەروەك تەمەنی پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنەکانی نوێنەران لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. ( براهیمی، 2008، ص 42). وە مەرجی تۆمارکردنی دەنگدەر لە تۆماری دەنگدەران مەرجێکی پێویستە بۆ پیادەکردنی مافی هەڵبژاردن، چونکە ریِ ّگەنادرێت بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان یاخود ڕاپرسی بکات هەرچەند مەرجەکانی تری دەنگدەریشی تێدابێت مادام ناوی لە تۆماری دەنگدەران تۆمار نەکرابێت. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو تۆمارە ناوی دەنگدەرە دروستەکان لە خۆبگرێت واتە ئەوانەی لە ژیاندا ماون و مافی پیادەکردنی دەنگدان و خۆپاڵاوتنیان هەیە و تەمەنی پێگەیشتنیان تەواو کردووە و لە هاونیشتمانیانی وڵاتن و لێهاتوی هۆشمەندی و ئەدەبیان هەیە، کەواتە نابێت ئەو تۆمارە ناوی کەسانێك لە خۆبگرێت کە مەرجێك لە مەرجەکانی دەنگدەریان تێدانیە.( بدوی، 1989، ص 363 و شیحا، 2006، ص 214).

**لقی دووەم: بنەمای ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران**

لە ڕاستیدا بە پێی ئەزمونی وڵاتان چەندین ڕێکار هەیە پشتی پێدەبەسترێت بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، لە عێراق لە سەرەتادا پشت بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی ( پسولەی خۆراك) حکومەتی ئیتحادی دەبەسترا بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (2005) تاکو هەڵبژاردنەکانی ( 2018/5/12)، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پشت بە تۆماری بایۆمەتری بەسترا، مەبەست لە تۆماری بایۆمەتری ئەوەیە دەنگدەر بەشداربێت لە پرۆسەی بایۆمەتری تایبەت بە ناونوسکردنی لە تۆماری دەنگدەران لە ڕێگەی وەرگرتنی پەنجەمۆر و گلێنەی چاوی وە دواتر پێدانی کارتی دەنگدەر لە لایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ دەنگدەر، وە لەکاتی هەڵبژاردن دەبێت ئامێری تحقق پەنجەمووری دەنگدەر بخوێنێتەوە و هاوتا بێت لەگەل ئەو زانیاریانەی پێشوتر لە کاتی وەرگرتنی پرۆسەی بایۆمەتری وەرگیراون.

لە هەرێمی کوردستان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنەکانی (2018/9/30) پشتی بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی ( پسولەی خۆراك بەست) حکومەتی هەرێم، مەبەست لەو پرۆسەیە ئەوەیە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن داتاکانی پسولەی خۆراك وەردەگرێت و دەیکاتە بناغەیەك بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران، بەڵام داتاکانی پسولەی خۆراك کێشەی زۆری تێدایە، بۆ نمونە هاونیشتمانی هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مردووە کەچی ناوی لە پسوولەی خۆراك هەیە و کەس و کاری بەڵگەنامەی کۆچکردنیان بۆ دەرنەکردووە یاخود بەدواداچوانیان لە دامەزراوە پەیوەستەکان نەکردووە بۆ سڕینەوەی ناوی کۆچکردووەکە بۆ ئەوەی سودمەندبن لە پشکی خۆراکەکەی، لە هەمان کاتدا هاونیشتمانی هەیە چەندین ساڵە ژیان لە دەرەوە بەسەر دەبات و ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تری بەدەستهێناوە بەلام ناوی لە پسولەی خۆراکی خێزانەکەی هەرماوە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەم و کوریانە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێم هەولێدا بەدواداچوون بۆ بنەمای تر بکات بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، یەکێك لەو بنەمایانە سیستەمی کارتی نیشتمانی بوو.

**لقی سێیەم: کارتی نیشتمانی وەك بنەمایەك بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران**

هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد کارتی نیشتمانی بۆ چەندین مەبەست بەکاردێت لەو وڵاتانەی لە چوارچێوەیەکی یاسایی هاونیشتمانیەکانیان خاوەنی ئەم کارتەن، بۆ نمونە لە کۆریای باشور، سەنغافورە، یابان، ئەڵمانیا، وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا کارتی نیشتمانی بۆ چەندیدن مەبەستی وەك بازرگانی، دەستەبەری تەندروستی، هەڵبژاردن...... بەکاردێت، بۆیە دەکرێت وەك بنەمایەك سودی لێوەبگیرێت بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران، چونکە ئەم کارتە سەرجەم زانیارییە کەسییەکان و خێزانیەکانی هاوڵاتیان دەگرێتەخۆ، لەو کاتەدا تەنیا پێویستمان بەو زانیاریانە دەبێت کە پێویستن بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران نەك سەرجەم زانیاریەکانی کارتی نیشتمانی. بەڵام ئەوە لە کاتێکدا دەبێت کە سەرجەم هاوڵاتیان خاوەنی کارتی نیشتمانی بن، یاخود هیچ ڕێگریەك لەبەردەم دەرکردنی کارتی نیشتمانیان نەبێت.

ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئایا دەتوانین پشت بە داتاکانی کارتی نیشتمانی ببەستین بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران؟ لە ڕاستیدا دوای بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی دروستکردنی کارتی نیشتمانی و کێشەکانی هاوڵاتیان لە دەرکردنی هەروەك لە بابەتەکانی پێشەوەی تویژینەوە ئاماژەمان بۆی کردووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەم قۆناغەدا کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ناتوانێت پشت بە بنەمای کارتی نیشتمانی بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران ببەستێت، چونکە لەم قۆناغەدا ڕێژەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە لایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە جێگەی ڕەزامەندی نیە و وەك پێویست نیە بەهۆی ئەوەی زۆر لە شارۆچکە و شارەدێیەکان لە هەرێمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان بنکە و سیستەمی دروستکردنی کارتی نیشتمانیان نیە، سەرەرای ئەوە ئەو مەرجانەی بۆ هاولاتی دانراون بۆ دروستکردنی کارتی نیشتمانی مەرجی گرانن و لە هەموو دەنگدەرێك بونیان نیە بە تاییبەت مەرجی پەیوەست بەوەی بنەچەی هاولاتی لە سەرژمێری سالّی (1957) تۆمارکرابێت، بۆیە لەکاتی ئێستادا ژمارەیەکی زۆری دەنگدەران بێبەش دەبن لە تۆمارکردنیان لە تۆماری دەنگدەران، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە ڕووی کێشەوە ئەو تۆمارە جیاوازی نەبێت لەگەڵ ئەو تۆمارەی بۆ دروستکردنی پشت بە پسولەی خۆراك دەبەسترێت، بەڵام لە باری چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئاماژەی پێکراون وە بونی هەر هاولاتیەك بە خاوەنی کارتی نیشتمانی، بنەمای کارتی نیشتمانی بە بەهێزترین بنەما دادەنرێت بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چونکە لە ئەنجامدا تۆمارێك دێتەکایەوە تا ئەندازەیەکی زۆر دەنگدەری دروست لە خۆبگرێت.

## کۆتایی

لە کۆتای توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەو ئەنجام و پێشنیارانەی خوارەوە:

### یەکەم: دەرەنجامەکان

1- دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی سەر بەو دەستەڵاتانە ناتوانن پشت ببەستن بە کارتی نیشتمانی وەك داتا و زانیاری لە هەرێم بۆ هەر مەبەستێك بێت تەنانەت دامەزراوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی ناتوانێت لەم قۆناغەدا پشتی پێببەستێت بۆ ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەران، چونکە ڕێژەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە پارێزگاکانی هەرێم بە بەراورد لەگەل پارێزگاکانی تری عێراق زۆر کەمە لە (30%) تێپەر ناکات، واتە هاولاتیان تا ئەو ڕێژەیە خاوەنی کارتی نیشتمانین، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هاوکارینەکردنی حکومەتی ئیتحادی لە دابینکردنی سێرڤەری بنکەکای زانیاریەکانی شارستانی لە شارۆچکەو شارەدێیەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەك و دانانی تۆمار و سەرژمێری سالی (1957) وەك بناغە و بنامەیەك بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی بە هاولاتیان.

2- بە گوێرەی مادە (4) لە یاسای ژمارە (3) سالی (2016) ی کارتی نیشتمانی دەبوایە لە دەرەوەی عێراق دامەزراوەکانی کارتی نیشتمانی وەك لقێك لە لقەکانی دروست کرابونایە، بەڵام تاکو ئێستا لە هیچ وڵاتێك دروست نەکراون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- به پشت بەستن بە مادەی (117) ی دەستوری عێراق (2005)، حکومەتی ئیتحادی دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان و دەستەڵاتەکانی، بۆیە ئێستا یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن هەیە لە نێوان نوێنەرانی حکومەتی ئیتحادی و هەرێم تاکو سالی (2005) کە کاتی جێبەجێکردنی دەستورە سەرجەم ئەو بارانەی تۆماری لاوەکی (التعداد الفرعی) و پێدانی ڕەگەزنامە چارەسەر بکەن. ئەوەش بەشێکی دەستەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانە بەشەکەی تری دەستەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.

4- کارتی نیشتمانی تەنها زانیاریەکانی بینراوی سەر کارتەکە لە خۆناگرێت، بەڵکو سەرجەم زانیارییە کەسی و خێزانیەکانی لە خۆدەگرێت کە لەسەر سیم کارتی کارتی نیشتمانی دانراون وەك باری کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێبون، ناوی هاوسەر کە لەسەر کارتەکە نابینرێن، وە هەر کاتێك ئەم سیم کارتە لە ئامێری خوێنەر ( جهاز المقروو) بدرێت، سەرجەم زانیاریەکان دەخوێندرێنەوە.

**دووەم: پێشنیار:**

1- هەموارکردنی برگەی یەکەم لە مادەی (35) یاسای کارتی نیشتمانی لە لایەن یاسادانەری عێراقی، کە باس لەوە دەکات هاوڵاتی عێراقی لە رێگەی ژمارەی ناساندنی کارتی نیشتمانی دەتوانێت سودمەند بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە شارستانی و یاسای و مرۆڤایەتیەکان، پێشنیار دەکەین بگوڕدرێت بۆ مافە شارستانی و سیاسیەکان هەروەها مافە رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەلایەتیەکان، چونکە بەم شێوەیە لە دەستوری عێراقی بۆ ساڵی (2005) هاتوە، هەروەها بە هەمان شێوە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە.

2- بە گوێرەی برگەی (دووەم) لە مادەی (36) لایەنی تایبەتمەند کارتی نیشتمانی رادەکێشێتەوە لەکاتی سڕینەوەی ناوی هاوڵاتی، بەلام یاسادانەر ڕوونی نەکردۆتەوە لەبەرچی ناوی هاوڵاتی دەسڕێتەوە، ئایا ناوەکە خەیاڵیە، یاخود بیانی و خەڵکی دەرەوەی عێراقە؟ یاخود مردووە، پێشنیار دەکەین یاسادانەر بارەکانی پەیوەست بەرینەوەی ناوی هاوڵاتیان لە سیستەمی زانیاریەکانی شارستانی ئاماژەی پێبکات .

3- لە برگەی ( سێیەم) ی مادەی (25) یاسادانەر ئافرەتی تەلاقدراو یان جیابوەوە لە پیاوەکەی ناچار دەکات بگەڕێتەوە سەر ژمارەی خێزانی پێش هاوسەرگیری، لە کاتێدا پیاوەکە لەسەر ژمارەی

خۆی دەمێنێ کە بەهۆی هاوسەرگیری وەری گرتووە، ئەوەش نادادپەروەریەکە لە نێوان پیاوەکە و ژنی تەلاقدراو یاخود جیابووەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین ژمارەیەکی تری نوێی ناساندن بدرێتە ئافرەتەکە .

4- دەبێت لێکتێگەیشتنێکی تەواو هەبێت لە نێوان حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم وە ئەم لێکتێگەیشتنە دەبێت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە بەغداد کاری بۆ بکرێت چونکە کێشەی تۆماری لاوەکی ( التعداد الفرعی) و کێشەکانی تر سیمای سیاسی هەیە، بۆیە جگە لە دانیشتنی کەسانی شارەزا و هونەری لەسەر ئاستی لیژنە لە هەمان کاتدا پێویستی بە ڕەزامەندی سیاسی حکومەتی ئیتحادی هەیە بە تایبەت سەرۆك وەزیرانی عێراقی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

5- بۆ سەرجەم ئەو بارانەی لە دوای (2005) هاتونەتە کایەوە لە پێدانی ناسنامە، ڕەگەزنامە، ئیقامە پێویستە لیژنەیەك لە حکومەتی ئیتحادی پێك بهێنرێت لەگەل نوێنەرانی هەرێم لە بواری پەیوەندیدار ئەرکیان ئەوەبێت بە وردی دیراسەی سەرجەم بارەکان بکەن و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان بخەنە بەردەستی لایەنی دەستەڵاتدار لەم بارە بۆ ئەوە بڕیار دەربکات بۆ چارەسەرکردنیان.

6- بۆ پشت بەستن بە کارتی نیشتمانی وەك بنەمایەك بۆ هەر مەبەستێك لە هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم هەنگاوانە پەیرەو بکرێن:

- چارەسەرکردنی کێشەی تۆماری لاوەکی (التعداد الفرعی) و پێدانی ڕەگەزنامە (التجنس)، چونکە بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نزیکەی (450000) چوار سەد و پەنجا هەزار هاولاتی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کارتی نیشتمانی بێبەش دەبن و سود مەند نابن لە هەر پرۆسەیەك کە پشت دەبەستێت بە داتاکانی کارتی نیشتمانی .

- بەرزرکرنەوەی ڕێژەی دروستکردنی کارتی نیشتمانی بۆ هاولاتیان لە ( 30%) کە ڕێژەیەکی کەمە بۆ (80%)، کە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی خاڵی سەرەوە دەبێت

7- وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێم هەوڵبدات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی لە کردنەوەی بنکەکانی زانیاریەکانی شارستانی بۆ دروستکردنی کارتی نیشتمانی لە ڕێگەی دابینکردنی باڵەخانە، دابینکردنی فەرمانبەر بە ڕێکخستنەوەی میلاك و گواستنەوەیان لە فەرمانگەکانی تری سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

به وەزارەت یاخود گواستنەوەی فەرمانبەری تر له وەزارەتەکانی تر بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی کێشەی کەمی فەرمانبەر چارەسەر ببێت .

## سەرچاوەکان

بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێزبەند کراون:

یەکەم: پەرتوکەکان

1- شيحا، إ، ع. (2006). النقم السياسيه الدول والحكومات. القاهره. دار النهچه العربيه.

2- رنى، ا . (1964). سياسه الحكم، الجزو الأول. بغداد. المكتبه الاهليه، ترجمه: الدكتور حسن على ژنون.

3- براهيمى، ا. (2008). النقام القانونى للجرائم الانتخابيه. الاسكندريه. دار الفكر الجامعى، الاسكندريه.

4- لگيف، ن. ( 1979). القانون الدستورى، مگبعه علاو. بغداد.

5- بدوى، پ. ( 1989). النقم السياسيه. القاهره. دار النهچه العربيه.

6- الزلمى، م. (2012). المدخل لدراسه الشريعه الاسلاميه فى نمگ جديد. أربيل. مركز ديراسات برلمان كوردستان.

7- الدره، م. (2012). شرح قانون العقوبات- القسم الخاص، العاتك لصناعه الكتاب.

8- بكر، ب. (2018). کۆمەڵە وانەیەك لە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت، هەولێر، تەبایی.

9- الأسدى، ع. ( 2012). منشورات الحلبى الحقوقيه، بيروت، الگبعه الاولى.

10- المهداوى، ح. (1990). الجنسيه ومركز الاجانب واحكامها فى القانون العراقى، جامعه بغداد، الگبعه الرابعه.

دووەم: توێژینەوەکان:

1- اسماعيل، ن. علوان، أ. جليل، ت. (2013). البگاقه الوگنيه وأپرها فى لتقليل من بعچ المخاگر المصرفيه، مجله كليه بغداد للعلوم الاقتصاديه الجامعه، العدد السابع والپلاپون، ص 77 - 97.

2- Chuang, T. (2008), To tradپ Or not tradپ? Thoughts on thپ failپ d smart card پ basپd national ID initiativپ in Taiwan. Onlinپ , پ

سێیەم : دەستورەکان و یاساکان بەلێنامە نێودەوڵەتیەکان و بریارەکان

1- دەستوری هەمیشەی عێراقی یەکگرتوو(2005)

2- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 بۆ سالی 1969

3- یاسای تۆماری لەدایکبوون و مردن ژمارە (148) بۆ سالی.(1971)

-4 یاسای باری شارستانی هەلوەشێنراو ژمارە (65) لە سالی(1972)
-5 یاسای کارتی نیشتمانی ژمارە (3) ی سالی 2016
-6 یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە 46 ساڵی 2006
-7 بەڵێنامە نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی سیاسی و شارستانی بۆ سالی 1966
-8 بریاری (896) ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سالی 1997.
-9 بەڵێنامە نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانی بۆ سالی 1966
-10 ئەنجومەنی دادوەری، بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار، نوسراوی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی()

چوارەم: چاوپێکەوتنەکان

-1 ( عزیز)، ع،إ.( 2019)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی هەولێر.
-2 (صالح)، م،س م. (2019)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی سلێمانی.
-3 ( صدیق)، إ، ع. (2019)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی دهۆك.
-4 ( ابراهیم)، ن. (2019)، بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی پارێزگای بەغداد .
-5 ( عبدالعزیز)، ش، أ. (2019)، بەڕێوەبەری کارتی نشتیمانی سەنتەری شاری سلێمانی .

سێیەم: ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان

-1 ویلان، ستیف، البگاقه الزکیه، المجموعه الاستشاریه لمساعده الفقراو، علی الموقع الالکترونی https://www.findپvgatway.org/sitپs/dپfault/filپs/publications/filپs/mfg-ar-smart-cards-22647_0.pdf، تاريخ الزيارە 2021/1/15.
-2 البگاقه الهویه الاماراتیه، علی الموقع الالکترونی الهیئه الاتحادیه للهویه والجنسیه https://ica.gov.aپ/
تاريخ الزيارە 2021/7/15.
3- https://www.rudaw.nپt/arabic/kurdistan/290820197 کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، ڕێکەوتی سەردانیکردن 2021/3/31 .

Thپ Lپgal Framپwork for Thپ National Card as a standard to pracisپ Rights of Votپ

Dr. Aram Nپjmپdپn Abdulghafoor

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الإطار القانوني للبطاقة الوطنية كمعيار لممارسة حق التصويت

**ملخص**

لا شك أن العولمة لها تأثير كبير على دول العالم في تنظيم شؤونهم الداخلية في أغلب النواحي طبقاً للضرورات الدولية العصرية وخاصة الدول التي لها علاقات قوية بينهم على المستوى الدولي من الجوانب الاقتصادية والسياسية والعسكرية والأمنية وعلى المستوى الاقليميي والوطني، و احدى هذه التأثيرات هي التي تتعلق بالصعيد الالكتروني من خلال اصدار البطاقة الوطنية، وتعتمد على البطاقة المذكورة خاصة في الدول التي قطعت مرحلة متقدمة من التطور التكنلوجي من خلال ادارة شؤون المواطنين كما تستخدم البطاقة في مجال المعاملات العائلية ( الاجتماعية) والتجارية والمدنية، ولتحقيق هذا الغرض قانونيا، تقوم السلطة التشريعية بوضع الاطار القانوني حتى تستخدم المعلومات التي تأخذ من المواطنين لهدف الحقيقي الا وهي اصدار البطاقة الوطنية، إضافة إلى ذلك تعطي التشريع فرصة الاستفادة من قبل المؤسسات الدولة لاستعمال المعلومات البطاقة الوطنية في مجالات اخرى، وفي السنوات الماضية القريبة أتَّسع مجال استخدام البطاقة الوطنية الالكترونية حتى وصل إلى جوانب اخرى كأستعمالها في مجال الانتخابات، لذلك نرى بأن من الضروري ان تحاول الجهات المعنية كالمفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق وأقليم كوردستان أعتماد البطاقة للحصول على سجل ناخبين دقيق ومطابق للمايير الدولية والواقع بدرجة ممتازة من النوعية.

البطاقة الوطنية، سجل الناخبين، حق التصويت، المعلومات المدنية، الجنسية العراقية.

---

# The Legal Framework for The National Card as a standard to pracise Rights of Vote

**Dr. Aram najmadeen Abdulghafoor**
Department of Legal Administration, College of Administration and Economic, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
General Director at the Independent High Electoral and Referundom Commission
aram.nejm@lfu.edu.krd

**Dr. Soran Ali Hassan**
Legal, poletice and administration science Facullty, Soran University
Soran.hassan@soran.edu.iq

***Keywords***: *National card, Voters Register, Voters Right, Civil Information, Iraqi Nationality*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

There is no doubt that globalization has a major impact on the countries of the world in regulating their internal affairs in most **fields** in accordance with modern international imperatives, especially those that have strong relations between them at the international level in **fields** of economic, political, military, security and regional and national levels. To achieve this purpose legally, the authority take the legal framework according to it the information that taken from citizens must used for the real puepose that issuing the legal card. In addition, the legislation gives the opportunity for State Organizations to benefit from the use of the nation card information in other areas. In recent years, the use of the national electronic card has expanded to other aspects, such as its use in the field of elections, so we believe that it is necessary for stakeholders such as the Independent High Electoral Commission in Iraq and the Kurdistan region to try to adopt the card to obtain an accurate voter register that is consistent with international standards and is in an excellent quality.